بسم الله الرحمن الرحيم

## پێرستی بابەتەکانی ژمارە ( ٨ ) :


| پەڕە | ناوی بابەت | ناوی ئامادەکار |
|---|---|---|
| ٢ | شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا ﷺ گرنگترین بنەوایە پاش یەکخواپەرستی | سەرنووسەر |
| ٤ | پایەکانی باوەڕ : بڕوابوون بە خوا | زانست |
| ٥ | هاوڕێیەتی | ڕۆژان عبداللە . دارایی وژمێریاری . ك . تەکنیکی سلێمانی |
| ٦ | خۆشترین مژدە بۆ تاوانبارترین کەس | صلاح فائق . ئەندازیاری پلانسازی .ك.تەکنیکی سلێمانی |
| ٧ | شوێنەوارە خراپەکانی تاوان و سەرپێچی ( ٢ ) | م . مجید عبدالحمید . کفری |
| ٨ | هۆکارەکانی عاشق بوونی کوڕان و کچان | هیوا زیرەك . ك . پ . کەلار . کوردی |
| ٩ | چەند نهێنیەك کە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز لەخۆی گرتووە | شاهۆ رسول : ز.کۆیە. ك.زانست |
| ١٠ | هۆکاری قورئان نەخوێندنت قسەی نەیارانە ؟! | پارێزەر . إدریس محمود . دەرچوی سلیمانی |
| ١٢ | ڕۆژهەڵاتناسی و ڕۆژهەڵاتناسان ( ١ ) | م . علی محمد علی .دەرچووی.کۆمەڵایەتی . کەلار |
| ١٤ | سەرەتای هەموو کارێك | جهاد قادر علی ، عەرەبی ، قەڵادزێ |
| ١٥ | کورتەیەك دەرباری ... : هیچگەرایی ( ٢ ) | م . فلاح حسن . دەرچووی E صلاح الدین |
| ١٦ | ئایە ڕاستە حوکمی ئاین ئازادیەکان بەرتەسك دەکاتەوە ؟! | م . عثمان أحمد . دەرچووی : بیرکاری |
| ١٧ | ئەستێرەیەکی گەشاوەی نێو چاوانی مێژوو | م .پشتیوان محمد . دەرچووی عربی . صلاح الدین |
| ١٨ | نوێژ کردن بە جلی وەرزشی یەوە | م.هاوار عبداللە .دەرچوی کۆمەڵایەتی .کەلار |
| ٢٠ | گرنگی کات | بارزان محمد حسن : ز . صلاح الدین . ك .پ . کۆمپیوتەر |
| ٢١ | حوکمی نوێژی موسافیر ( بەشی دووەم ) | کاروان حەمە باقی . عەرەبی . کلار |
| ٢٢ | هەڵەی هەندێ لە نوێژ خوێنان | و . بەدەسکارییەوە: ئاسۆ صدیق . ز. قەڵادزێ . عەرەبی |
| ٢٣ | خۆت بپارێزە لـە (( زینـای چـاو !!! )) | ئاسۆ محمود حسن.ز.سلێمانی. ئابووری |
| ٢٤ | Ethics with the messenger of Allah (P. B. U. H) | م.رزگار محمد.دەرچوی E صلاح الدین |


تێبینی : بۆ ئەو فێرخوازە ئازیزانەی کە دەیانەوێت بابەتیان بڵاوبێتەوە ، زانست ئەو دەرفەتەیان بۆ دەڕەخسێنێت ، بەڵام بابەتەکانیان بەپێی مەرجی بڵاوکراوەکە بێت ، لەوانەش :

١ . بابەتی دووبارە نەبێت ... ٢ . ئەگەر وەرگیراوە ئاماژە بە ناوی سەرچاوە بکرێت ... ٣ . تا دەتوانرێت کورت و پوختکراو بێت ... ٤ . ئامادەکار ناوی خۆی و کۆلێژ و بەشەکەی بنووسێت ... ٥ . تایپکراویش بێت .

✍ بە ڕەخنە و پێشنیارەکانتان بڵاوکراوەکەتان دەوڵەمەندتر بکەن ... لە گەڵ ڕێزماندا .


Zanest@Gawab.com

Zanest119@gmail.com


بۆ دەستکەوتنی زانست سەردانی پێگەی ئەلکترۆنی :

www.ba8.org بکە .


سەرنووسەر :

**مامۆستا عدنان بارام . دەرچوی عربی . صلاح الدین .**

دەستەی نووسەران :

**مامۆستا هاوار عبداللە . دەرچوی کۆمەڵایەتی کەلار .**

**مامۆستا رزگار محمد . دەرچوی E . صلاح الدین .**

**مامۆستا علي محمد . دەرچوی کۆمەڵایەتی کەلار .**

**مامۆستا فلاح حسن . دەرچوی E . صلاح الدین .**

## شوێنكەوتنی پێغەمبەری خوا ﷺ گرنگترین بنەوایە پاش یەكخواپەرستی

دوای ئەوەی زانرا كە یەكخواپەرستی ( التوحید : لا إله إلا الله ) گرنگترین شتێكە كە پێویستە بانگەوازخوازانی ئیسلامی ڕاستەقینە گرنگی پێ بدەن و موسڵمانانی بۆ بانگەشە بكەن ، و هەر ئەوەشە ڕێبازی پێغەمبەران -علیهم السلام- لە بانگەشەیان بۆ لای خوای پەروەردگار ، ئێستا پێویستە ئەوە بزانرێت كە بنەوای دووەم : بریتیە لە بەدیهێنانی شوێنكەوتن ( الإتباع : محمد رسول الله ) .

**شوێنكەوتن ( الإتباع ) لە زمانەوانیدا : چاوگی** ( اتبع الشيء وتبعه ) ە ، ئەگەر لە سەر شوێنەوار و ڕێگەی ڕۆشت ، ئەوەتا لە ( معجم مقاییس اللغة : ١ / ٣٦٢ - ٣٦٣ ) دا هاتووە كە : (( تبع : التاء والباء والعین ؛ أصل واحد لا یشذ عنه من الباب شيء ، وهو التلو والقفو . یقال تبعت فلانا إذا تلوته واتبعته )) ، وە بە سێبەریش دەووترێت : ( التبع ) چونكە بەردەوام شوێنكەوتەی شتەكەیەتی ، و بەو گوێرەكەیەش كە شوێنكەوتەی دایكەكەیەتی دەووترێت : ( التبیع ) ، هەر ئەم ووشەیەش بە چوار پێكەی گاینلەبەریش دەووترێت : چونكە شوێنی یەك دەكەون ، وە بە پشتیوانیش دەووترێت ( التبع ) چونكە پشتیوانیەكەی شوێنی كەسی شوێنكەوتراو دەكەوێت ، هەر بەو واتایانەش شوێنكەوتنی پێغەمبەری خوا ﷺ بریتیە لە شوێنكەوتنی سوننەتەكانی بەو شێوەیە كە كردوویەتی ، و كردنی بە پێشەنگ بۆ خۆت ، لە كردەوەكانی و لەوانەش كە لێی دووركەوتووەتەوە .

لە گەڵ ئەوەشدا دەبێت بیروباوەڕت وا بێت كە ئەو ڕاگەیەنەری هەردوو جۆری سروشە لە پەروەردگاریەوە ، كە قورئان و سوننەتە ، چونكە فەرمان و یاساغی كردنی ، و حەڵاڵكردن و حەرامكردنی لە خۆیەوە نیە بەڵكو هەمووی لە خوای پەروەردگارەوەیە ، بۆیە دەبێت گوێڕایەڵی ڕەهای بۆ بكرێت ، و كەس نەكرێت بە هاوشێوەی لەو شتەدا ، و هەركەسیش ووتە و فرمانی جگە لەو پێش بخات بەسەر ووتە و فرمانی ئەو ئەوا خراپی كردووە و سنوری شكاندووە ، و ستەمی كردووە .

پێویستە لە سەر موسڵمانان بزان كە ڕێگەی گەشتن بە خۆشەویستی خوای پەروەردگار تەنها ڕێگەی ئەوە و هیچ ڕێگەیەكی تر نیە جگە لە ڕێگەی ئەو ، پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ قُلْ إِنْ كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ ﴾ واتە : ئەگەر خۆشەویستیەكەتان ڕاستیە و بە درۆ نیە ، ئەوا : ﴿ فَاتَّبِعُونِي ﴾ بەڕاستی شوێنی من بكەون ، لە ئەنجامدا : ﴿ يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ ﴾ ( آل عمران : ٣١ ) ، خوای پەروەردگار خۆشی دەوێن .

وە ئەبێت شوێنكەوتنەكەمان بەو شێوە بێت كە باوەڕمان وا بێت كە ئایینەكەی سڕێنەرەوەی هەموو ئایینەكانی پێش خۆیەتی ، بۆیە تاكە ڕێگەیەك كە مابێت بۆ گەشتن بە خوای پەروەردگار تەنها ڕێگەكەیەتی كە بریتیشە لە شوێنكەوتنی ، هەر كەسیش لەو ڕێگەوە نەڕوات لاڕێ و گومڕا دەبێت .

كەواتە : خوای پەروەردگار بۆ ئەم ئوممەتە پێغەمبەرێكی ناردووە ئایەتەكانی بەسەردا بخوێنێت ، و پاكیان بكاتەوە لە هەموو خراپە و گومڕاییەك ، لە بیروباوەڕ بێت یان لە ڕەوشت یان لە هەر بوارێكی تر ، وە فێری قورئان و سوننەتیان بكات .

گومان لەوەدا نیە كە خوای پەروەردگار پێغەمبەرانی -علیهم السلام- وەكو موژدەدەر و ترسێنەر ناردووە بۆ گرۆی ئادەمیزاد ، بۆ ئەوەی لە ڕۆژی دواییدا هیچ بیانویەكیان نەبێت بەرامبەر بە خوای پەروەردگار : ﴿ رُّسُلاً مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلاَّ يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ ﴾ ( النساء : ١٦٥ ) ، بۆیە هەر كەسێك گوێڕایەڵیان نەكات ئاكامی وەكو فیرعەون دەبێت هەروەكو خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ فَعَصَى فِرْعَوْنُ الرَّسُولَ فَأَخَذْنَاهُ أَخْذًا وَبِيلًا ﴾ ( المزمل : ١٥ — ١٦ ) .

وە ئەو كەسەش گوێڕایەڵی بێت ، و شوێنی بكەوێت ئەوا ئاكامی سەرفەرازی و بردنەوەی گەورەیە ، و ڕۆشتنە بەهەشتی بەرینی خوای پەروەردگارە ، هەروەكو فەرموویەتی : ﴿ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾ ( الأحزاب : ٧١ ) ، وە فەرموویەتی : ﴿ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴾ ( النساء : ١٣ ) .

گەورەترین گرنتی بۆ شوێنكەوتنی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەیە كە خوای پەروەردگار گەواهی ئەوەی بۆ داوە كە ئەو بەنگەشەكاری ڕێگەی ڕاستە ، هەروەك فەرموویەتی : ﴿ وَإِنَّكَ لَتَهْدِي إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾ ( الشورى : ٥٢ ) .

ئائەمەیە پلە ومەنزیلەی ڕەسولی خوا ﷺ ، كە گەیەنەری ئاینە و سروش و وەحیی ئەومان پێ دەگەیەنێت ، و هیدایەت دەری ئوممەتەكەیەتی بۆ ڕێگای ڕاست ، و تاكە ڕێگای ئیسلامی ڕاستەقینە ، جا هەركەس باوەڕی پێ هەبێت ، ئەوا باوەڕی بە پەروەردگاری هێناوە ، و ئەوەش گوێڕایەڵی بكات گوێڕایەڵی پەروەردگاری كردووە ، و ئەوەش شوێنی بكەوێت دەگات بە

خۆشویستنی پەروەردگاری بەرز و بڵند .

لەبەر ئەمەیە خوای پەروەردگار شوێنکەوتن و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی لە سەر بڕواداران فەرز کردووە ، و بە پێویستی داناوە کە بەڕاستی بزانن لە هەواڵ و گەیاندنەکانی ، ڕێگەشی بەکەس نەداوە لە فەرمان و قەزاوەتەکانیدا ئازاد بێت لە هەڵبژاردن و گوێڕایەڵیەکانی .

**چەند ئایەتێك سەبارەت بە شوێنکەوتن و گوێڕایەڵی :**

✍ **موسڵمانی شوێنکەوتەی پێغەمبەر ﷺ : ئەگەر دەتەوێت باوەڕداری تەواو بیت ، ئەوا پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ بکە بە دادوەر لە ژیانتدا ، و ڕازیش بە بە هەموو دادوەریەکیان :** ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴾ ( النساء : ٦٥ ) .

✍ **ئەگەر دەتەوێت ڕێنیشاندراو و هیدایەت دراو بیت ، ئەوا گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا بکە ﷺ :** ﴿ وَإِنْ تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ ﴾ ( النور : ٥٤ ) .

✍ **ئەگەر دەتەوێت کردەوکانت بە باشترین شێوە ئەنجام بدەی ئەوا بگەڕێوە بر لای خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ :** ﴿ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا ﴾ ( النساء : ٥٩ ) .

✍ **ئەگەر دەتەوێت کردەوەکانت پوچەڵ نەبێتەوە ، ئەوا گوێڕایەڵی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ بکە :** ﴿ ... أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَلَا تُبْطِلُوا أَعْمَالَكُمْ ﴾ ( محمد : ٣٣ ) .

✍ **ئەگەر دەتەوێت ڕەحمەت پێ بکرێت ، ئەوا گوێڕایەڵی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی بکە ﷺ :** ﴿ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴾ ( آل عمران : ١٣٢ ) .

✍ **ئەگەر دەتەوێت ژیانێکی ڕاستەقینە بژیت ، ئەوا وەڵامی پێغەمبەری خوا ﷺ بدەوە لەوانەی کە ئەو ژیانەت بۆ مسۆگەر دەکات :** ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اسْتَجِيبُواْ لِلّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُم لِمَا يُحْيِيكُمْ ﴾ **( الأنفال : ٢٤ ) .**

✍ **ئەگەر دەتەوێت یەکێك بیت لەخوا ترسان ، ئەوا گوێڕایەڵی پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی بکە ﷺ :** ﴿ وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَخْشَ اللَّهَ وَيَتَّقْهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْفَائِزُونَ ﴾ ( النور : ٥٢ ) .

✍ **ئەگەر دەتەوێت لە فیردەوسدا لە گەڵ پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکاندا بیت ، ئەوا گوێڕایەڵی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی بکە ﷺ :** ﴿ وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَأُوْلَئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاء وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَئِكَ رَفِيقًا ﴾ ( النساء : ٦٩ ) .

**چەند فەرموودەیەك سەبارەت بە شوێنکەوتن و گوێڕایەڵی :**

📖 **پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :** " من أطاعني دخل الجنة ومن عصاني دخل النار " ( رواه البخاري ) ، **واتە : ئەوەی گوێڕایەڵیم بکات دەڕواتە بەهەشتەوە و ئەوەش سەرپێچیم بکات دەڕواتە دۆزەخەوە .**

📖 **وە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :** " فمن رغب عن سنتي فليس مني " ( رواه البخاري و مسلم ) ، **ئەو کەسەی لە سوننەتی من لابدات لە من نیە .**

**ئاشکراترین دیاریدەکانی شوێنکەوتن ( الإتباع ) :**

**موسڵمانی شوێنکەوتەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ سەلماندنی ڕاستی شوێنکەوتنەکەت ئەم خاڵانە ڕەچاو بکە :**

**یەکەم : شوێنی پێغەمبەری خوا ﷺ بکەوە و لاسایی بکەوە : خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ ... ﴾ ( الأحزاب : ٢١ ) .

**دووەم : سوننەتەکەی بکە بە دادوەر و قەزاوەت کردنت تەنها بۆ لای سوننەتەکانی بێت : خوای پەروەردگا فەرموویەتی :** ﴿ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ ﴾ ( النساء : ٥٩ ) .

**سێیەم : ڕازی بوون بەدادوەری و شەریعەتەکەی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :** " ذاق طعم الإيمان من رضي بالله ربا ، وبالإسلام دينا ، وبمحمد ﷺ نبيا ورسولا " ( مسلم ) ، **بەڕاستی ئەو کەسە چێژی باوەڕی کردووە کە بەوە ڕازی بێت کە ( الله ) پەروەردگاری بێت ، ( إسلام ) یش ئایینی بێت ، و ( محمد ) یش ﷺ پێغەمبەری بێت .**

**پێشەوا ( ابن القيم ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : (( جا ئەگەر خۆشبەختی بەندەکان لە هەردوو ژیاندا پەیوەس بێت بە سوننەتی پێغەمبەرەوە ﷺ پێویستە لە سەر هەموو کەسێك کە ئامۆژگاری کاری خۆی بێت ، حەزی لە سەرکەوتن و خۆشبەختی بێت ، هەوڵی ئەوە بدات کە سوننەت و سەرگوزەشتە و هەموو بارودۆخەکانی بزانێت ، کە جیاکەرەوەیەتی لە نەزانان و بێ ئاگایان لێی ، و بە هۆیەوە دەڕواتە ڕیزی شوێنکەوتوان و کۆمەڵ و حزبەکەیەوە ، خەڵکیش لەمەدا لە نێوان زۆرزان و کەمزانانن و بێ بەش بووانن ، چاکەش بە دەستی خوای پەروەردگارە ، و دەیدات بەوانەی کە خۆی ویستی بێت ، هەر ئەویشە خاوەن چاکە گەورەکان ))** ( زاد المعاد من هدى خير العباد لابن القيم : ١ / ٦٩- ٧٠ ) .

**سەرنووسەر**

## پایەکانی باوەڕ ( أركان الإيمان ) [1]

## پایەی یەکەم : بڕوابوون بە خوا ( الإيمان بالله )

یەکێکە لە بنچینەکانی بیروباوەڕی ئیسلامەتی ، و پایە و کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیە لە پایەکانی ئیمان ، بۆ ئەوەی بڕوا بەخوابوونەکەت ڕاست و درووست بێت دەبێت باوەڕت بەم چوار خاڵەی خوارەوە هەبێت :

**یەکەم : باوەڕبوون بە بوونی خوا :** چەندین بەڵگەی بێ شوماری فیترەت و عەقڵ و شەرع و هەست پێ کردن ( الحس ) مان هەیە لە سەربوونی خوا ﷻ :

١. بەڵگەی فیترەت لەسەر بوونی خوا ﷻ : هەموو درووستکراوێك ( لە نێویشیاندا مرۆڤ ) لەسەر فیترەتی باوەڕ بە خوابوون درووست کراوە بە بێ ئەوەی پێویستی بەوە هەبێت بیر بکاتەوە یاخود فێر بکرێت ، وە لەم فیترەتەش لا نادات مەگەر شتێك لە دەرەوەی خۆی کار بکاتە سەر دڵی و ئەو بیروباوەڕە پاکەی هەیەتی لێی تێك بدات ، بۆیە ئەگەر کەسێکت بینی نکوڵی لە بوونی خوا دەکرد ئەوە بزانە ئەو کەسە شەیتان هەڵی خەڵەتاندووە و لای داوە لەو فیترەتە پاکەی کە هەیبووە ، هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " کل مولود يولد على الفطرة ، فأبواه يهودانه أو ينصرانه أو يمجسانه " ( رواه البخاري ) .

٢. بەڵگەی عەقڵی : درووستکراوەکان جا ئاسمان و زەوی بێت یاخود مرۆڤ و درووستکراوەکانی تر دەبێ درووستکارێك هەبێت بەدی هێنابن چونکە خۆیان ناتوانن خۆیان درووست بکەن ، چونکە پێش هەبوونی شتێکی نەبوو ( معدوم ) بووە ئیتر چۆن دەتوانێت خۆی درووست بکات ؟! وە لە خۆشیانەوە و بە ( صدفة ) درووست نەبوون چونکە هەر شتێکی داهێنراو دەبێت بەدیهێنەرێکی هەبێت ئەمە لە لایەك ، لە لایەکی تریشەوە بوونی ئەو شتە درووستکراوانە بەو سیستمە سەرسوڕهێنەر و ڕێك و پێك و پێکەوە گونجاوە ئەو شتە بە دوور دەزانێت کە بە ( صدفة ) درووست بووبن !! بۆ نموونە ئەگەر کەسێك شوقەیەکی چەند نهۆمی ڕازاوەت پیشان بدات و پاشان پێت بڵێت ئەم شوقەیە خۆی لە خۆیەوە درووست بووە یان خۆی خۆی درووست کردووە ئەو کات پێی دەڵێیت چی ؟ بێگومانم لەوەی کە دەڵێیت : تۆ شێت بوویت چۆن ئەو شوقە بێ گیانە خۆی درووست دەکات یان لە خۆیەوە درووست بووە !! باشە ئەگەر تۆ سەبارەت بە شوقەیەك وابڵێیت ئەی باشە ئەم هەموو درووستکراوە لە مرۆڤ و جنۆکە و ئاسمانەکان و زەوی ئایا دەگونجێت خۆیان خۆیانیان درووست کردبێت یاخود بە ( صدفة ) درووست بووبن ؟!! ، بۆیە دەڵێین درووستکارێك هەیە کە ئەو شتانەی درووست کردووە ئەویش ( الله ) یە ﷻ .

٣. بەڵگەی شەرعی : هەموو کتێبە ئاسمانیەکان جەخت لە سەر ئەوە دەکەن کە تەنها درووستکارێك هەیە کە ئەویش زاتی ( الله ) یە ﷻ ئەمە لە لایەك لە لایەکی تریشەوە ئەو حوکمانەی کە لەو کتێبە ئاسمانیانەدا هاتوون بەڵگەن لە سەر بوونی خوایەکی زانا و دانا چونکە ئەو حوکمانە بەشێوەیەکی ئەوەندە دادپەروەرانە و جوان ڕێك خراون کە هیچ کەسێك ناتوانێت بەو شێوەیە ڕێکی بخات جگە لە ( الله ) ﷻ .

٤. بەڵگەی هەستی ( الحس ) : یەکەم : ئەوەی کە دەیبینین و دەیبیستین لە وەڵامدانەوەی پاڕاناوەی بەندەکان و فریاکەوتنی لێ قەوماوان بەڵگەیەکی گومان هەڵنەگرە لەسەر بوونی خوا ﷻ چونکە ئەگەر وا نەبێت ئەی کێیە وەڵامی ئەو لێقەوماوانە دەداتەوە ؟!

دووەم : موعجیزەی پێغەمبەران ﷺ بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە لەسەر بوونی خوا ﷻ چونکە ئەو موعجیزانە لە سەرووی توانای مرۆڤەوەن بەڵام خوا دەیدات بە پێغەمبەرەکانی بۆ پشتگیری کردن و سەرخستنیان ، وەکو ئەوەی پێغەمبەر عیسا ﷺ بە ئیزنی خوا ﷻ مردووی زیندوو دەکردەوە ، پێغەمبەری خۆشمان ﷺ ئاماژەی کرد بۆ مانگ بە ئیزنی خوا بوو بە دوو لەتەوە ، و خەڵکیش بینییان ﴿ اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانشَقَّ الْقَمَرُ ﴾ ( القمر: ١ ) . ئایا ئەگەر پشتگیری خوای گەورە نەبێت بۆ پێغەمبەر عیسا ئەی بۆ کەسێکی تر لە دوای ئەو نەیتوانیوە مردوو زیندوو بکاتەوە ؟! یان ئایا لەتکردنی مانگ لە توانای

---

[1] زنجیرە بابەتێکە لە نامیلکەی ( شرح أصول الإيمان )ی زانای پایەبەرز شێخ ( محمد بن صالح العثيمين )ەوە وەردەگیرێت بەڵام بە کورتکردنەوە و دەستکاری کردنەوە .

مرۆڤی ئاساییدا هەیە ؟!!

**دووەم : باوەڕبوون بە پەروەردگاریتی خوا** ﷻ : ئەمەش بریتیە لەوەی باوەڕت هەبێ تەنها ( الله ) پەروەردگارتە و تەنها ئەو درووستکاری هەموو شتێکە و خاوەنی هەموو شتێکیشە و هەر خۆی کاروباری درووستکراوەکانی بەڕێوە دەبات و ڕزق و ڕۆزییان پێ دەبەخشێت : ﴿ أَلاَ لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ﴾ ( الأعراف : ٥٤ ) .

سێیەم : باوەڕبوون بەوەی کە تەنها ( الله ) پەرستراوی حەقە و هیچ هاوەڵ و شەریکێکی نیە ، ئەمەش بەوە دەبێت کە پەرستنەکانت تەنها بۆ ئەو ئەنجام بدەیت و لە کاتی ناڕەحەتیدا تەنها داوای فریاکەوتن هەر لە ئەو بکەیت ، سەربڕینت دەبێ هەر بۆ ئەو بێت ، نابێ پەنابەریتە بەر گۆڕی هیچ کەسێك و لێی بپاڕێیتەوە و داوای ڕزق و ڕۆزی یان داوای منداڵی لێ بکەیت هەرچەندە پیاوچاکیش بێت ، ئەزانی بۆچی درووست نیە ؟ لەبەرئەوەی جگە لە خوای گەورە کەس ناتوانێت زیانت پێ بگەیەنێت یان سوودێکت پێ ببەخشێت ، ئەگەر مردوو ئەوەندە دەسەڵاتی هەبێت قازانج بە خەڵك بگەیەنێت ئەی بۆ نەیتوانیوە خۆی لە مردن ڕزگار بکات !! خوا ﷻ دەفەرموێت : ﴿ وَإِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ لاَّ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ ﴾ ( البقرة : ١٦٣ ) واتە : پەرستراوی ئێوە تەنها یەك پەرستراوە ، هیچ پەرستراوێکی بە حەق نیە جگە لەو ، هەر ئەو خوایە بەخشندە و میهرەبان و بەبەزەییە .

**سێیەم : بڕوابوون بە ناو و سیفەتەکانی خوا** ﷻ : بریتیە لە باوەڕبوون بە هەموو ئەو ناو و سیفەتانە کە خوا ﷻ لە قورئاندا بۆ خۆی جێگیر ( إثبات ) ی کردووە ، یان پێغەمبەرەکەی ﷺ لە فەرموودەکانیدا بۆی جێگیر کردووە ، ئەم ناو و سیفەتانەش بە شێوەیەکە کە گونجاوە بۆ خوا ﷻ ، و درووست نیە پرسیار لە چۆنیەتی ئەو ناو و سیفەتانە بکرێت ( تکييف ) ، یان بشوبهێنرێت بەو ناو و سیفەتانەی کە لە درووستکراوەکاندا هەن ( تشبيه ) ، وە دەبێت ئەم ناو و سیفەتانە بەو شێوەیە لێك بدرێنەوە کە لە قورئان و سوننەتدا هاتوون وە بەو شێوەیەی کە پێشینە چاکەکان لێکیان داوەتەوە بە بێ تێکدانی واتاکەی (تحريف) ، یان پەکخستنیان ( تعطيل ) ، وە بە بێ ئەوەی بڵێین ئەم ناو و سیفەتانە ماناکەیان تەنها خوا خۆی دەیزانێت ( تفويض ) .

﴿ وَلِلّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا وَذَرُواْ الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَآئِهِ ﴾ ( الأعراف : ١٨٠ ) واتە : خوای پەروەردگار خاوەن ناو و سیفەتی جوان و پیرۆزە جا ( ئەی ئیمانداران ) بەو ناوانە دوعا بکەن وهاناو هاوار بۆ ئەو زاتە بەرن و وازبهێنن لەوانەی کە لە ناوە پیرۆزەکانی خوادا لادان دەکەن .

زانست

## هاوڕێیەتی

✍ هاوڕێی تۆ کەسێکە هەرکاتێك قسەی حەقت لێ دەبیستێ ، تووڕە نەبێت ...

✍ لە هەڵبژاردنی هاوڕێ پەلە مەکە بەئاسانیش وازی لێ مەهێنە ...

✍ دۆست وەکو فسفۆڕ وایە ، کاتێك دەدرەوشێتەوە کە هەموو دونیا تاریکە ...

✍ دۆست وبرادەر دەبێت وەك چەتروابن ، ڕۆژی بارانیش هاوڕێت بن ...

✍ پرسیم هاوڕي باشە یان برا ؟ ووتیان هاوڕێ ڕاستەقینە برایەکە بەویستی خۆت هەڵی دەبژێرێت ...

✍ هاوڕێی خراپ وەك خەڵوز وایە نەتسوتێنێت ڕەشت ئەکات ... هاوڕێ ی باشیش وەك گوڵاو وایە لێ ی نزیك بیت بۆن خۆشت ئەکات ...

ڕۆژان عبدالله حمه أمین . دارایی وژمێریاری . ك . تەکنیکی سلێمانی

( عبدالله ) ی کوڕی ( عمر ) ﷺ فەرموویەتی : (( الحيـاء و الإيمان مقرونـان جميعاً ، فـإذا رُفـع أحدهما ارتفع الأخـر معه )) ( مواعظ الصحابة ، لصالح الشامي : ص ٢٥٥ ) .

واتە : شەرم و باوەڕ بەیەکەوە پەیوەستن ، جا ئەگەر یەکێکیان هەڵگیرا و نەما ، ئەویتری لەگەڵدا بەرز دەبێتەوە و نامێنێت .

## خۆشترین مژده بۆ تاوانبارترین کەس

✎ ئەگەر تۆ کەسێکیت خواپەرستی تەنها بۆ خوا ناکەیت .

✎ ئەگەر تۆ کەسێکیت نوێژ ورۆژ وخێر وخێرات ناکەیت .

✎ ئەگەر تۆ کەسێکیت قورئان ناخوێنیت و یاد و زیکری خالقی زەوی وئاسمان ناکەیت .

✎ ئەگەر تۆ کەسێکیت گوێڕایەڵی خوای گەورە و نێردراوە دڵسۆزەکەی ناکەیت ...

✎ ئەگەر تۆ کەسێکیت زینا و داوێن پیسی دەکەیت ...

✎ ئەگەر تۆ کەسێکیت ئارەق ومشروباتی عەقڵ ڕووخێن دەخۆیتەوە ...

✎ ئەگەر تۆ کەسێکیت دزی وناپاکی وغەش وخیانەت دەکەیت ...

✎ ئەگەر تۆ کەسێکیت درۆدەکەیت وبوهتان هەڵدەبەستیت وغەیبەتی هاوڕێیانت دەکەیت ...

✎ ئەگەر تۆ کەسێکیت جگەرە ونێرگەلە وتلیاك دەکێشیت ...

✎ ئەگەر تۆ کەسێکیت فیتنەیی ودووزمانی وجاسوسی بەسەر هاوڕێکانتەوە دەکەیت ...

✎ ئەگەر تۆ کەسێکیت گوێبیستی ئاوازی شەیتان دەبیت و تەماشای ئەفلامی بێ ڕەوشتی دەکەیت ...

✎ ئەگەر تۆ کەسێکیت بەندەی پارەیت و ئەسیری دەستی حەزوئارەزوەکانتی ...

✎ ئەگەر تۆ کەسێکی پیاوکوژ وستەمکار وداپەروەرنیت .

✎ ئەگەر تۆ کەسێکیت ئازاری دایك وباوکت دەدەیت و ڕێزیان ناگریت ...

✎ ئەگەر تۆ کەسێکیت گاڵتەجاری و سوکایەتی بە خەڵك وهاوڕێکانت دەکەیت ...

✎ ئەگەر تۆ کەسێکیت حەرام وریبا دەخۆیت ...

✎ ئەگەر تۆ کەسێکیت فیز و تەکەبوور بەسەر خەڵك وهاوڕێکانتدا دەکەیت ...

✎ ئەگەر تۆ کەسێکیت یارمەتی وکۆمەکی هیچ کەسێك ناکەیت بۆ هیچ شتێ ...

✎ ئەگەر تۆ کەسێکیت ئەم تاوانانە و هەزارەها تاوانی تریش ئەنجام دەدەیت ...

وە بێزار بوویتە وخەفەتبار ودڵتەنگیت بەئەنجامدانی ئەم تاوانانە و دەتەوێت وازیان لێ بهێنیت و خۆت ئاسودە بکەیت و ڕێگەی ڕزگاری بدۆزیتەوە ، ئەوە دەرگای لێخۆشبوونی خوای گەورە هەمیشە کراوەیە و پێشوازی لە تۆبەکارانی خۆشەویست دەکات ، خوای گەورەش بەڵێنی داوە میوانەکانی خۆی و ئەوانەی دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ لای نائومێد نەکات وخەڵاتی لێ خۆشبوونیان پێ ببەخشێ .. هەروەك دەفەرموێت : ﴿ وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِّمَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا ثُمَّ اهْتَدَىٰ ﴾ ( طـه : ٨٢ ) ، **واتا** : ( **خوای پەروەردگار فەرموویەتی** : ) من دەبوورم لەو کەسەی کە تەوبە دەکەن وباوەڕ دەهێنێت وکردەوەی چاك ئەنجام دەدات ، لەوە و دواش بەردەوام دەبێت لەسەر ئەو تەوبەیەی کە کردویەتی .

هەر خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ ﴾ ( الزمر : ٥٣ ) ، **واتا** : بەبەندەکانم بڵێ : خوای گەورە دەفەرموێت : ئەی بەندەکانم ئەی ئەوانەی کە تاوان وسەرپێچی زۆرتان ئەنجام داوە و ستەمتان لەنەفسی خۆتان کردووە ، نائومێد مەبن لە ڕەحم وسۆز و لێخۆشبوونی خوا ،چونکە خوای گەورە لە هەموو تاوان و هەڵەکانتان خۆش دەبێت ، بێگومان ئەو خودایە زۆر لێبووردە و بەسۆز و میهرەبانە .

ئای ئەمە چ مژدەیەکە بۆ ئەو کەسانەی کە لەناودەریای گوناه وتاواندا غەرق بوونە و خەریکە دەخنکێن تیایدا ، ئای چ خەڵاتێکە بۆ کەسێك دیاری وەربگرێت ، ئای چ دەرمانێکە بۆ کەسێك شیفای بووێت .

دەی برا و خوشکی بەڕێز ... پەلە بکە بۆ گەڕانەوە بۆ لای خوا و بەڕاستەقینەیی پەیمانی پێ بدە ، تا خوای گەورە هەموو خراپە و تاوانەکانیشت بۆ بگۆڕێت بەچاکە ، چونکە ئەگەر بەڕاستی بگەڕێیتەوە بۆلای خوا ئەوە خوای گەورە هەموو خراپە و تاوانەکانت بۆ دەگۆڕێت بەچاکە ، هەروەك دەفەرموێت : ﴿ إِلَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُولَٰئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾ ( الفرقان : ٧٠ ) ، **واتا** : تەنها ئەوانە نەبێت کە تەوبە دەکەن وپەشیمان دەبنەوە و ئیمانی دامەزرا و دەهێنن وکاروکردەوەی چاك ئەنجام دەدەن ، ئەوانە خوای گەورە خراپەکانیان بۆ دەگۆڕێت بەچاکە ، وە خودا هەمیشە لێخۆشبوو میهرەبانە ... ئەگەر بە قەبارەی هەموو دونیا تاوانت کردبێت ، بەڵام ویستی گەڕانەوەت کرد بۆ لای خوا و گەڕایتەوە بۆ لای و تەوبەیەکی ڕاستەقینەت کرد ئەوە خوای گەورە بەقەبارەی دونیا چاکەت بۆ دەنووسێت ... دەی ئێستا

چاوەڕوانی چی دەکەیت ... پەلەبکە و بڕیاربدە ...

لەکۆتاییدا ... ئەی تاوانبارترین کەس بێئاگامەبە لەو خوایەی کە تەمەنی بۆ ژیانت داناوە ، هەروەها بۆ هەناسەکانت و ڕۆژەکانیشت ماوەی داناوە ...

صلاح فائق مردان . ئەندازیاری پلانسازی .ك.تەکنیکی سلێمانی

## شوێنەوارە خراپەکانی تاوان و سەرپێچی

**( بەشی دووەم )**

( ابن القيم ) . بە ڕەحمەت بێت . لە کتێبی ( الداء والدواء ) دا باسی شوێنەوارە خراپەکانی تاوان و سەرپێچی دەکات و دەفەرموێت : سەرپێچی کردنی فەرمانەکانی خوای پەروەردگار چەند شوێنەوارێکی خراپ و نەویستراوی هەیە لە دونیا و دوارۆژدا کە زیان بە دڵ و جەستە دەگەیەنێت و تەنها خوای گەورە خۆی ئەندازەکەی دەزانێت ... لەو شوێنەوارانەش :

**٥/ قورسی و گرانبوونی کارەکانی و پێك نەهاتنیان :**

هەر کاتێك روو لە هەر کارێك دەکات دەبینێ بە روویدا داخراوە و یان ئاڵۆز دەبێت و گران دەبێت ، ئەمەشە چۆن کەسێك تەقوای خوای هەبێت ئەوا خوای گەورە کارەکانی لە سەر سووك دەکات و بۆی ئاسان دەکات ، جا هەرکەسێك تەقوای خوای گەورەی فەرامۆش کرد ئەوا هەموو کارەکانی لە سەر گران دەبێت و قورس دەبێت .

پاکی و بێگەردی بۆ خوا زۆر سەیرە چۆن بەندەیەك هەموو دەرگاکانی خەیر و چاکە و دەرگاکانی بەرژەوەندی لە سەر داخراوە و رێگاکانی لا قورس و گران بوە و پێك نایەت کەچی نازانێت هۆکارەکەی چییە ؟!!!!

**٦/ بە راستی تاریکییەك لە دڵیدا بەدیدەکات :**

هەستی پێ دەکات هەروەکو چۆن هەست بە تاریکی شەو دەکات کاتێ تاریك و ڕەش دەبێت ، جا تاریکی سەرپێچی لە دڵیدا وەکو تاریکییەکی هەست پێکراوی لێدێت لە پێش چاوی ، چونکە گوێڕایەڵی روناکییە و سەرپێچی تاریکییە ، تاکو تاریکیەکە زیاد بکات و زۆرتر بێت ئەوا شپرزی و گومان و دوو دڵی زیاتر دەبێت ، تاکو دەکەوێتە ناو بیدعەو گومڕایی و ئەو کارانەی کە بە هەلاکەتیا دەبات کەچی هەستی پێناکات ـ وەکو کەسێکی نابینا وایە لە تاریکی شەودا بە تەنها ڕێ بکات . جا ئەو تاریکییە زیاتر و زۆرتر دەبێت تاکو لە چاوەکانیدا بەدیدەکرێت و ئاشکرا دەبێت ، پاشان بەهێزتر دەبێت تاکو زاڵ دەبێت بەسەر ڕوومەتیدا ، ئەمجار ڕەش و تاریك دەبێت و هەموو کەسێك دەیبینێت .

عبدالله ی کوڕی عەباس دەفەرموێت : (( چاکە و حەسەنە روناکییەکی هەیە لە ڕوومەتدا ، ڕۆشناییەك لە دڵدا ، فراوانبونێك لە رزق و ڕۆزیدا ، هێزێك لە جەستەدا ، خۆشەویستییەك لە دڵی خەڵکیدا ، هەروەها خراپە و سەرپێچی ( السيئة ) ڕەشی و تاریکییەکی هەیە لە ڕوومەتدا ، تاریکییەك لە دڵدا ، سستی و لاوازییەك لە جەستەدا ، کەمییەك لە رزق و ڕۆزیدا ، رق و کینەیەك لە لایەن دڵی خەڵکییەوە )) .

**٧/ سەرپێچی سستی و لاوازییەك دەبەخشێتە دڵ و جەستە :**

سستی و لاوازییەکەی دڵ ئەوە روون و ئاشکرایە ، بەڵکو هێندە لاواز و سستی دەکات تاوەکو هەموو ژیانی بە گشتی لە دەست دەدات .

بەڵام سستی و لاوازی لە جەستەدا ، ئەوا کەسی ئیماندار هێزەکەی لە دڵیدایە ، جا هەر کاتێك دڵی بەهێز بوو ئەوا جەستەشی بە هێز دەبێت ، بەڵام کەسی خراپەکار ئەوا . هەرچەندە جەستەی بە هێز بێت . ئەوا لە کاتی پێویستدا لاوازترین شتە ، هێزەکەی لە کاتی تەنگانەدا بە کەڵکی نایەت و فریای ناکەوێت .

بە جوانی بیر بکەرەوە و تێفکرە چۆن هێزی جەستەیی فارس و ڕۆمەکان لە کاتی پێویستدا بە کەڵکی خۆشیان نەهات ، کەچی ئەهلی ئیمان و باوەڕیش بە هێزی جەستە و دڵیان زاڵ بوون بە سەریاندا ؟

**٨/ بێبەش بوون و دەستنەکەوتنی گوێڕایەڵی :**

ئەگەر تاوان هیچ تۆڵە و ئەنجامێکی نەبێت تەنها رێگرتن لە گوێڕایەڵی نەبێت کە جێگای گوێڕایەڵییەکی لێگرتوە و رێگەی گوێڕایەڵییەکی تری لێدەگرێ و بەو تاوانە رێگەی سێیەمی لێ دەگرێ ، ئەمجار چوارەم ... تاکو دوایی .. ئەوا بەو تاوانانە گوێڕایەڵییەکی زۆری لە دەست دەردەچێت ، هەریەکەیان لە هەموو دونیا و ئەوەی بە سەر دونیاوەیە چاکترە ، ئەمە وەکو ئەوە وایە کابرایەك خواردنێك دەخوات توشی نەخۆشییەکی درێژخایەنی دەکات و دەبێتە هۆی رێگرتن لە خواردنی چەندەها جۆر خواردنی لەو خۆشتر ، خۆاش پشتیوان و پەنامان بێت .

م . مجید عبدالحمید . کفری

## هۆکارەکانی عاشق بوونی کوڕان و کچان

لێرەدا باسی ئەو هۆکارانە دەکەین کە وا لەکوڕان و کچان دەکات بەدوای عیشق بازیدا بگەڕێن و واز لەدینە پاکەکەی ئیسلام بهێنن . ئەوانیش چەند بەشێکن :

**یەکەمیان : تێکەلاوی کوڕان و کچانە لەزانکۆ و پەیمانگا و خوێندنگاکان** : بەڕاستی هۆکاری سەرەکی ئەو تێکەلاو بوونەیە ، چونکە کەم کەس هەیە بتوانێت بەئاسانی لەم سەردەمە پڕ لە ئارەزووە بازییە خۆی قورتار بکات و لەدەستی هەڵبێت ، چونکە ناتوانێت بە چاکی چاوی خۆی لەئاستی نامەحرەمدا دابخات وەکو خوای گەورە فەرمانی پێکردووین و دەفەرموێت : ﴿ قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ ﴾ ( النـــور : ٣٠ ) ، واتە : ئەی پێغەمبەر بڵێ بەپیاوانی ئیماندار کەوا چاو لە ئاستی نامەحرەمدا دابخەن ، وە لە ئایەتێکی دیکەدا بەئافرەتان دەفەرموێت ﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ ﴾ ( النـــور : ٣١ ) واتە : وە بڵێ بەئافرەتانی ئیماندار کەوا چاویان لە ئاستی پیاوانی نامەحرەمدا دابخەن .

بەڕاستی ئەم فەرمانەی خوای گەورە دەبێت لەنێوانماندا جێبەجێی بکەین بۆیە ئەگەر لاماندا لەم دینە ئەوا بێگومان دەکەوینە داوی خۆشەویستییەوە و دواتر تووشی تاوانە گەورەکان دەبین وەکو ( ابن القيم الجوزي ) - بە ڕەحمەت بێت . دەفەرموێت : (( ئەگەر کەسێك یەکەم جار سەیری کەسێکی نامەحرەمی کرد و ئاسانکاری کرد بۆ جاری دووەم و زیادی کرد ئەوا تیری ژەهراوی بەری دڵی دەکەوێت تا دواتر شەیتان لەدڵیدا وەسوەسەو دوودڵی دەخاتە دڵیەوە تاوانەکەی لا جوان دەکاتەوە تالەدواییدا پێی دەڵێت زینا بکە ودواتر تۆبە بکە و کێشە نیە )) .

محمدی کوڕی واسع یەکێکە لەپێشینی ئەم ئوممەتە ڕۆژێکیان سەردانی یەکێك لەهاوەڵانی دەکات کاتێك لەدەرگا دەدات ئافرەتێکی خزمەتکار دەرگاکە دەکاتەوە ئەمیش چاوی خۆی دادەخات و بەئافرەتەکە دەڵێت بانگی گەورەکەت بکە ئەویش دەچێت بانگی گەورەکەی دەکات و پێی دەڵێت هاوڕێ ( کوێر ) هکەت لەدەرگایە و کاری پێتە ئەو ئافرەتە وادەزانێ ئەو پیاوە چاوی کوێرە !! لەڕاستیدا لەئاستی نامەحرەم خۆی کوێرکردووە ئەگینا چاوی ساغ بووە .

**هۆکاری دووەم : تەماشاکردنی فلیم و درامای خۆشەویستییە** : بەڕاستی خوشك و برا لاوەکان زۆربەی کاتی شەوانە تەرخان دەکەن بۆ تەماشاکردنی فلیم و درامای عیشق و غەرامیات وە بێ ئەوەی بڕواننە تاوانەکەی و بزانن چ کاریگەریەکی خراپ لەسەر دڵ و دەروون و ڕەوشتمان دروست دەکات ، ئەم کارەش زیاتر خوشکان دەگرێتەوە بەڕاستی هەرچی فیلمێك بێت کە تێکەلاوی تێدا هەبوو ئەوا تەماشاکردنی حەرامەو توشی بەدڕەوشتیت دەکات و کارە حەرامەکان لەلات ئاسان و جوان دەکاتەوە بۆیە دوورکەوتنەوە لەتەماشاکردنی ئەو جۆرە فیلم وزنجیرانە دەبێتە هۆی ئارام بەخشین بەدڵەکان و لەتاوانی عیشق و خۆشەویستیش دوورت دەخاتەوە .

**هۆکاری سێیەم : تێکەڵ بوونی کەسانێکە کە دوورن لە دینەوە یاخود دین سەرچاوەی یەکەمی ژیانیان نیە** : بۆیە زۆربەی کاتەکانیان هەر باسی عیشقەو هیچی تر جا گەر کوڕ بێت هەر باسی کچ دەکات و کچیش بێت خۆی بەباسکردنی کوڕانەوە خەریك دەکات بەڕاستی ئەو دانیشتن و تێکەلاوی ئەو باسانەی کەباس دەکرێن هەمووی لەئاکاری ئیسلامیەوە دوورەو وە گومانی تێدا نیە کە ئەو کۆمەڵە کەسانە هیچ خێرێکیان دەست ناکەوێت جگە لەتاوان بەد بەختی ، تەنانەت یەکێك لەو شاعیرە عەرەبانەی کەوا دین لەلای هیچ نرخێکی نەبووە لەباسی خۆشەویستەکەیدا کە ئافرەتێکی ڕەش پێست بووە دەڵێت :

أحب الكلاب السود من أجل حبها     ومن أجلها أحببت ما كان أسودا

واتە : سەگی ڕەشم خۆش دەوێت لەبەر خاتری خۆشەویستی خۆشەویستەکەم ، و هەر لەبەر خاتری ئەو هەموو ئەو شتانەشم خۆش دەوێت کەشێوەیان ڕەشە .

بەڕاستی زۆر کەس لای ئێمەش ئەم ئاکارەیان هەیەو تەنانەت ئامادەشن دینی خۆیان بدۆڕێنن لەپێناو بەدەست هێنانی دڵی کچێکدا یاخود بەپێچەوانەشەوە .

**هۆکاری چوارەم : خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تازە داهێنراوەکانە ( مۆبایل و تلیفۆن وئەنتەرنێت )** : چونکە هەندێك کەس زۆر بەچاکی و بەجوانی لە شوێنی چاکدا

بەکاری دەهێنێت ، کەچی بەداخەوە زۆرێك ئەو ئامێرانە بەخراپ بەکاردەهێنرێت .

دەگێڕنەوە : ڕۆژێکیان بە ڕێکەوت لەڕێگای مۆبایلەوە کچ و کوڕێك پێکەوە قسە دەکەن لەدواییدا کوڕەکە دەنگی کچەکەی بەلاوە زۆر خۆش دەبێت و پێی سەسام دەبێت بۆیە پەیمانی لێ وەردەگرێت بۆئەوەی بیبینێت کاتێك دادەنێن و لەجێگایەکدا یەکتری دەبینن کاتێك کوڕەکە دەبینێت کچەکە زۆر ناشیرینە بۆیە زۆر پێی بێتاقەت و غەمبار دەبێت دەڵێت چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد ئەوەندە ناشیرین بیت کچەکەش دەڵێت : کەی ئەوە کێشەیە ، گرنگ " ئەخلاقە !!! ( قوربانیەکانی خۆشەویستی ) .

بۆیە بەڕاستی تاکو زیاتر خۆمان بپارێزین هێشتا هەر کەمە چونکە لەم سەردەمەدا هەموو شت دژی ئیمەی ئیمانداره و هەموو لە سەنگەردا بۆمان وەستاوە .

**هۆکاری پێنجەم : ئەوەیە کە کتێب و نامیلکە شیعرییەکان ڕەواج بەخۆشەویستی دەدەن :** بەڕاستی ئەمڕۆ زۆر نرخی هەیە لای کچان و کوڕانی بەناو موسوڵمان دەبینیت لەخوێندنگاو زانکۆکاندا خەریکی خوێندنەوەی ڕۆمان و شیعری غەرامیات و چیرۆك و کورتە چیرۆکەکانن کەوا لە گەنجانی ئێمە دەکەن ڕێگە چاکەکەی ئەم دینە ون بکەن بۆیە ئامۆژگاری من بۆ ئەو کەسانە ئەوەیە کە بەهیچ شێوەیەك ئەو کتێب و نامیلکانە مەخوێننەوە ئەگەر حەز بەخوێندنەوە دەکەن ئەوا پێویستە لەسەرتان پێشتر لە دینەکەی خۆتان شارەزابن نەك خەریکی شتی لابەلاو نابەجێ و لەڕێ لادەر بن چونکە بەڕاستی هەم کاتەکانتان بەفیڕۆ دەڕوات وە هەم دینەکەتان لا بێبایەخ دەبێت و جگە لەتاوان کۆکردنەوە هیچ خێرێکتان دەست ناکەوێت خوا پەنامان بدات .

هۆکارەکان زۆرن ، بەلام ( مشتێك نمونەی خەرمانێکە ) ئەم چەند خاڵە بەویستی خوا دەبێتە ڕێ نیشاندەر بۆمن و دواتر بۆ ئێوەش بۆ ئەوەی زیاتر دەست بەدینەکەوە بگرین تاکو لەڕێ لانەدەین .

**هیوا زیرەك . ك . پ . کەلار . کوردی**

## چەند نهێنیەك
## کە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز لەخۆی گرتووە

ئایەتەکە ئەو وتەیەی خوای پەروەردگارە کە فەرموویەتی : ﴿ وَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَعَسَى أَن تُحِبُّواْ شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ وَاللّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ ﴾ ( البقرة : ٢١٦ ) ، و واتە لە وانەیە ئێوە شتێکتان پێ ناخۆش بێت کەچی خێری تێدا بێت بۆتان ، یان شتێکتان پێ خۆش بێت کەچی شەڕی تێدا بێت بۆتان ، بێگومان هەر الله خۆی دەزانێت خێر لە چی دایە و ئێوە نازانن .

لەم ئایەتە پیرۆزەدا چەند سوود و نهێنی و حیکمەتێکی تێدایە بۆ بەندە ، جا ئەگەر بەندە زانی ناخۆشی خۆشی بەدوای خۆیدا دێنێت ، ئەو کات بێ ئومێد نەدەبوو کە کامەرانی بۆ بێت لە تەنیشت نەهامەتیەوە لەبەر نەزانینی چارە نووسی کارەکانی ، چونکە ئەوەی الله دەیزانێ بەندە نایزانێت ، ئەوە چەند شتێك بۆ بەندە فەراهەم دێت :

* گوێڕایەڵی کردنی فەرمانەکانی الله چاکترین شتە بۆ بەندە کە سوودی پێ بگەیەنێت .

* وا دەخوازێت بەندە کارەکانی بسپێرێتە ئەو الله ی کە چارەنووسی هەموو شتێك دەزانێت ، ڕازی بێت بەو کارانەی کە الله بۆی هەڵدەبژێرێت و بڕیاری بەسەردا دەدات .

* بەندە داوا لە الله ناکات شتێکی بداتێ کە زانستی پێی نەبێت ، چونکە لەوانەیە ئەو شتەی ئەو داوای دەکات زیان و زەرەری بۆی هەبێت ، بەلام ئەو پێی نەزانێت ، جا بۆیە هیچ شتێك لە جگە الله داوا ناکات و هەڵنابژێرێت ، بەڵکو داوای ئەوە لە الله دەکات چاکەی بۆ بێنێتە ڕێ ، بەوە ڕازی دەبێت کە الله بۆی هەڵدەبژێرێت ، دەزانێت ئەوەی الله بۆی دیاری کردووە ، ئەوە چاکترین شتە بۆ ئەو .

* ئەگەر بەندە کارەکانی سپاردە پەردەردگاری و ڕازی بوو بەوەی کە الله بۆی هەڵبژاردووە ، ئەو کات الله لەو شتەی بۆی هەڵبژاردووە هێز و عەزیمەت و ئارامی پێ دەبەخشێ ، نەهامەتی لێ لادەبات ئەو نەهامەتیەی کە تووشی ئەو کەسانە دێت کە خۆیان کار بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن .

* بەندە ئیسراحەت دەکات لەو خەیاڵانەی کە لەبواری هەڵبژاردنی کارەکانیەوە ماندووی کردووە .

( سەرچاوە : ئاوێتەی دڵ )

**شاهۆ رسول : ز.کۆیە. ك.زانست**

## هۆكاری قورئان نەخوێندنت قسەی نەیارانە ؟!

الحمدلله وحده ، والصلاة والسلام على من لا نبي بعده ، وبعد :

ئەم چەند دێڕە نوسینە بیرخستنەوەیەكە بۆ ئەو خوێندكارانەی :

قورئانیان پشتگوێ خستووە !!

بۆ ئەوانەی خوێنەری ڕۆمانە ڕووخێنەرەكان و فیلم و گۆرانیە ئابڕووبەرەكانن وقورئانیان وازلێهێناوە !! بۆ ئەوانەی چاویان بە خوێندنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەكان كز بووە بەڵام كاتی خوێندنەوەی قورئانیان نیە !!

بۆ ئەوانەی بانگەشەی پابەند بوون بە سوننەت دەكەن و قورئانیان لە یاد چووە !! بۆ ئەوانەی تا ئێستا لە گەورەیی قورئان بە ئاگا نین !!

بە هەموو ئەو كەسانە دەڵێم :

بە ڕاستی بۆ گەورەیی قورئان ئەوەندە بەسە كە وتەی دروستكاری ئاسمان و زەویە و بە یەكێك لە فریشتە بەڕێز و گەورەكاندا نێردراوەتە خوارەوە بۆ سەر گەورەترین و بەڕێزترین مرۆڤ كە ئەویش پێغەمبەری خوا ( محمد ) ە ﷺ .

فێرخوازی یەكخواپەرست : گەر دەتەوێ لە گەورەیەتی قورئان تێ بگەیت ئەم ئایەتە بخوێنەوە و بیری لێ بكەرەوە ، كە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ لَوْ أَنزَلْنَا هَذَا الْقُرْآنَ عَلَى جَبَلٍ لَّرَأَيْتَهُ خَاشِعًا مُّتَصَدِّعًا مِّنْ خَشْيَةِ اللَّهِ وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴾ ( الحشر : ٢١ ) ، واتە : ئەگەر كەژ و كێو بەو ڕەقی و سەختییەی خۆیەوە ، لەم قورئانە تێبگەیشتایە و بیری لەو شتانە بكردایەتەوە كە تێیدایە ، ئەوا ملكەچ دەبوو وە شەق و پەق دەبوو لە ترسی خوای گەورە ، باشە ئەی مرۆڤ چۆن دەشێت ئێوە دڵتان نەرم و ملكەچ نەبێت و شەق و پەق نەبێت لە ترسی خوا ، لە كاتێكدا ئێوە لە فەرمانەكانی خوای گەورە تێگەیشتوون و بیرتان لە قورئانەكەی كردووەتەوە ، بۆیە خوای گەورە فەرمووی : ئەم نموونانە بۆ خەڵكی دەهێنینەوە بۆ ئەوەی بیربكەنەوە . ( المصباح المنیر : ص ١٣٨٩ ) .

ئەم نموونانە بۆ خەڵكی دەهێنینەوە بۆ ئەوەی بیربكەنەوە !!! ئایا تا ئێستا بیرت كردووەتەوە لە گەورەیی قورئان ؟ ئایا هەوڵی ئەوەت داوە قورئان فێر ببیت ؟! ئایا ڕۆژانە كاتی تایبەتت هەیە بۆ قورئان خوێندن ؟!!

ئەگەر وەڵامەكەت بەڵێ بێت ، پێت دەڵێم : سوپاسی خوای گەورە بكە و بەردەوام بە .

ئەگەر وەڵامەكەت بە نەخێر بێت ، ئەوا پێت دەڵێم : بە ڕاستی هەقە ئەو دوو دەستەی بە هەڵگرتنی قورئانەوە ماندوو نەبووە بە شەرمەوە بەرز بكەیتەوە و بە چاوی پڕ فرمێسكەوە لە خوای گەورە بپاڕێیتەوە لەو تەمەنە كەمەی كە ماوتە یارمەتیت بدات بۆ خوێندنەوە و كردەوە پێكردنی قورئان ، هەر ئەمەش بەس نیە بەڵكو دەبێ بەشێك لە كاتەكانی خۆت بۆ قورئان خوێندن تەرخان بكەیت و هەوڵێكی ڕاستەقینە و بەردەوام بدەیت .

ئەی ئەو كەسانەی سەردەمی جیهانگیری ( عەولمە ) و بانگەشەی ڕەنگا و ڕەنگ و بە ڕەونەق و ناو بۆش پەردەی بە سەر چاودا نەهێناون و ڕاستیەكانی لێ نەگۆڕیون ، ئایا بیانوو و پاساوی ئێوە بۆ قورئان نەخوێندنتان چیە ؟

ئایا قسەی ئەو كەسە خەوتووانە كاری تێكردوون كە دەڵێن : قورئان لەگەڵ ئەم سەردەمەدا ناگونجێت ؟!!

یان قسەی ئەو بێئاگایانەی كە دەڵێن : قورئان وەڵام و چارەسەری بۆ كێشەكانی ئەم سەردەمە لا نیە و كتێبێكی كۆنە ؟!!

یان قسەی ئەو نەزانانەی كە دەڵێن : قورئان هانی موسڵمانان دەدات بۆ خەڵك كوشتن ؟!!

یان قسەی ئەو نەتەوە پەرستانەی كە دەڵێن : قورئان تەنها بۆ عەرەب هاتووە ؟!!!

یان قسەی ئەو كەسە لە ماف تێنەگەیشتووە خۆ ویستانەی كە دەڵێن : قورئان مافی مرۆڤی دیاری نەكردووە ، ستەمی لە ئافرەت كردووە ، مافی كەمە نەتەوەییەكانی دەست نیشان نەكردووە ؟!!!

وە چەندەها گومان و شوبهەی تریش کە ژەهرێکی کوشندەیە و لە پاکەتی شیرینیدا لە کەناڵە ئاسمانیەکانەوە پێشکەش بە موسوڵمانان دەکرێت و کاریگەری خراپی هەبووە و هەیە .

ئێمەی موسوڵمان بە هەموو ئەو کەسانەی کە خاوەن ئەو قسە ناوبۆش و پیلان بۆ داڕێژراوانە دەڵێین :

ئێوە یان ڕق لە دڵن بەرامبەر بە ئیسلام و موسڵمانان و ناتانەوێ ڕاستیەکان بزانن و ئەو قسانەتان پیلان و بەرنامە بۆ داڕێژراوە و بە سەرکەوتنی ئیسلام بەرژەوەندییە تاکەکەسیەکانتان دەکەوێتە مەترسیەوە یان ئەوەیە بەهەڵە تێگەیەنراون و حەقیقەتی ئیسلام نازانن و وێنەی ئیسلام تەنها لە شمشێر و بۆمبی چێنراو و دەم و چاوی هەڵپێکراودا دەبینن و موسوڵمانیش بە تیرۆریست و کەسانی شەڕەنگێز و مێشك پووچ دەزانن .

چونکە ئەگەر کەسێك موسوڵمانیش نەبێت بەڵام ویژدانی زیندوو بێت سەیری قورئان بکات و لێی ورد ببێتەوە تێدەگات ئەو قسانە تەواو پێچەوانەیە ، چونکە :

١ . گەورەترین کێشە لە جیهاندا کێشەی هەژاری و زوڵم و ستەمی مرۆڤەکانە لە یەکتر ، قورئان چارەسەرێکی بنەڕەتی داناوە بۆ ئەم دوو کێشەیە ، بۆ چارەسەری کێشەی هەژاری زەکاتی داناوە ، وە بۆ نەهێشتنی ستەمیش لە ڕێگەی چەندین ئایەتەوە هانی موسوڵمانان دەدات بۆ دادپەروەری و وریایان دەکاتەوە لە ستەم و زۆرداری ، هەڕەشەی توندی کردووە لەو کەسانەی کە خەڵکی بەناحەق دەکوژن یان خۆیان دەکوژن ، ئەمەش یەکێکە لەو بەڵگانەی وامان لێدەکات بڵێین : تەنها قورئان بۆ هەموو سەردەم و کات و شوێنێك دەگونجێت .

٢ . قورئان بە دادپەروەرانەترین و ڕێکترین شێوە مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ئافرەتی دیاری کردووە و هانی پیاوانی داوە ڕێزیان لێ بگرن و ستەمیان لێ نەکەن ، لێرەشەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەو کەسانەی قورئان بە هاندەری کردەوە تیرۆریستیەکان و موسوڵمانان بە تیرۆریست دەزانن ، ئەوانە خۆیان پڕ بە پڕ ئەو قسانە بەسەر خۆیان و بەرنامە دەستکردەکانیاندا جێبەجێ دەبێت و ئەو پەندە کوردییە دەیانگرێتەوە کە دەڵێت : ( دەستە چەورەکەی خۆی بە مندا دەسڕێت ) ، ئەوەیە حەقیقەت بەڵام بەڕاستی لە سەردەمێکداین درۆزن بووە بە ڕاستگۆ و کوێخا ، ڕاستگۆش بووە بە درۆزن ، تیرۆریستی ڕاستەقینە خەڵاتی نۆبڵ وەردەگرێت و ئەوەشی حەقی لە لایە دەمکوت و سەرکوت دەکرێت و بە تیرۆریست ناودەبرێت ، بەڵام گەشبینین و گومانمان نیە لەوەی ئەم شتانە کاتین و سەرکەوتن هەر بۆ ئیسلام و موسڵمانانە و زەلیلیش بۆ بێباوەڕ و دوو ڕووەکانە .

٣ . قورئان بۆ هەموو خەڵکی سەر زەوی هاتووە نەك تەنها بۆ عەرەب !!! چونکە خوای گەورە لە ئایەتەکانی قورئاندا وشەی ( يا أيها العرب !! ) ی بەکار نەهێناوە بەڵکو ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ ﴾ یان ﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ ﴾ ی بەکارهێناوە ، واتە : ( ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ) یان ( ئەی خەڵکینە ) وە لە هیچ ئایەتێکی قورئاندا نە بە ئاشکرا وە نە بە شاراوەییش باس لەوە نەکراوە کە ئەم قورئانە تەنها بۆ عەرەبە .

ماوەتەوە ئەوە بە خوێندکارانی بەڕێز بڵێم : خوای گەورە ڕێزی لێ ناون بە ناردنە خوارەوەی کتێبێکی ئاسمانی کە قورئانە و بەرنامەی ژیانە ، بۆیە ڕێزی لێ بگرن و قەدری بزانن پێش ئەوەی ڕۆژێك بێت پەشیمانی سوودی نەبێت ، وە بە قسەی ئەو کەسانە هەڵمەخەڵەتێن کە بۆ پڕکردنی گیرفانیان قسە بە ئیسلام دەڵێن ، ئێوە ئەبێ خۆتان توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی ئەنجام بدەن و بە دوای ڕاستیەکاندا بگەڕێن نەك قسەی خەڵك دووبارە بکەنەوە ( چونکە ئێمە مرۆڤین نەك تووتی ) .

خوای گەورە هیدایەتمان بدات بۆ کردەوە کردن بەوەی کە دەیخوێنینەوە ، آمين .

**پارێزەر . إدريس محمود . دەرچوی سلیمانی**

## ڕۆژهەڵاتناسی و ڕۆژهەڵاتناسان

### ڕەشی دەستیان ، ناپاکی مەرامیان ، چڕی هەوڵیان بۆ ڕەشکردنی مێژووی پاك و درەوشاوەی موسڵمانان

( بەشی یەکەم )

سوپاس و ستایشی بێ پایان ، بۆ خوای بەرز ودلۆڤان ، ڕەوانەکاری هەزاران لە پەیامبەران ، لە بۆ ئادەمیزادیان ، بەڵکو لە هەرچی تاریکی ونەفامی وستەمە ببێ ڕزگاریان ، وە صەلات وسەلام لەسەر پەیامبەری ڕەوانەکراوی نازدارمان ، تاجی سەرمان ، ئەو خۆشەویستەی کە هەتا ماڵئاوایی لێکردین کۆڵی نەدا لە ڕێنمویی کردنمان ، هەروەها لەسەر خانەوادە و هاوەڵان ، پاشان :

بەڕاستی زۆر جێی داخە موسڵمان بەرانبەر ئەو مێژووە مەزنەی بە شەرمەزاریەوە ڕابوەستێ ، نەزانێت چۆن لەو دوو شتە دژە تێبگات ! چۆن تێبگات لە هەندێك لاپەڕەی ڕەشکراوی مێژووی هاوەڵان و ئەوانەی خوار ئەوانیشەوە کە دەیخوێنێتەوە ، لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم بیستویەتی لە بارەی هاوەڵان و شوێنکەوتوان و شوێنکەوتوانی شوێنکەوتوانەوە ، کە چەند بە ڕەحم بوون بەرانبەر بە یەکتر ؟! چەند لێبڕاو بوون لە بۆ خوای عزوجل ، چەند دڵ نەرم بوون ، چەند چاو بە گریان بوون ، چ خزمەتێکی گەورەیان پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردوە لە سەرجەم بوارەکاندا ؟! جا موسڵمان توشی نارەحەتیەکی زۆر دەبێت .

جا هۆکاری ئەمەش . هەروەك مەعلومە . ئەوەیە کە چەند دەستێکی ڕەش یاریان بە لاپەڕەکانی مێژووی پرشنگدارمان کردوە و تێکیان داوە ، چۆنیان ویستبێت ئاوهایان لارکردۆتەوە ، لەولاشەوە چەند دەستێکی تر بە ئەمانەتەوە نەیان نوسیوەتەوە و نەیانگواستۆتەوە .

هیچ مەبەستێکیشیان لەمەدا نەبوە جگە لە شێواندنی ڕوی گەشی ئیسلام و پاکی مێژوەکەی ، خزمەتکاریی موسڵمانان و مەزنی مێژوەکەیان .

بۆ ئەوەی ئەو شکۆداریەی ئیسلام هەیەتی لە دڵی ڕۆڵەکانیدا کزی بکەن خۆ ئەگەر کرا بنبڕی بکەن . بۆ ئەوەی گومان لە دڵی ڕۆڵەکانیدا دروست بکەن کە ئەم ئیسلامە توانای ئەوەی نییە ببێتە کۆتا پەیام ، بەڵکو ئەبێ گۆڕانکاری تێدا بکرێ ، گۆڕانکاری و دەستکاریەکی زۆریش ، چونکە ڕۆژگاری ئەمڕۆ لەگەڵ ئەو ڕۆژگارە زۆری جیاوازە ، سەرباری ئەوەش بە موسڵمانان بڵێن : ئیسلام خۆی ئاوها بووە بەڵام ڕۆڵەکانی بە درێژایی مێژوو لە خۆی خراپتر بوون .

یانی بە گشتی مەبەستیان خامۆشکردنی چرای ئیسلام و هەقیقەتی ئوممەتی ئیسلام بووە ، ئاخر شەمشەکوێرە بە ڕوناکی قەڵسە ، هەر بۆیە لابردنی ئەو ڕوناکیە پەیوەستە بە ژیان و نەمانی ئەوانەوە ، کە ئەمەشت زانی ، ئەوا وەڵامی ئەم پرسیارەت بۆ ڕوون دەبێتەوە : باشە بۆ ئەبێ ئەوان ئەوەندە هەوڵیان دابێ بە بڕی ملیۆنەها دۆلاریان خەرج کردبێ ، تەنها لە پێناو شارەزا بوون لە ئیسلام و مێژووەکەی و پاشان دەست تێخستنی .

بە تایبەت کاتێك ئەو مێژووە دەخوێنینەوە کە ڕۆڵەکانمان فێردەکرێن و دەیخوێنن لە قوتابخانە و خوێندنگا و پەیمانگا و زانکۆکاندا ، زۆر بە ڕوونی شوێنەواری ئەو هێرشە کلپە سەندوە دەبینین لە دژی ئەم ئوممەتە موسڵمانەمان و مێژووە پرشنگدارەکەی .

لەوەش ناخۆشتر و جێی داختر ئەوەیە : ئەوەی کە شەونخونی دەکات لە بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەرامانەی ئەوان ، ئەو ڕۆڵانەی خۆمانن کە ڕۆژهەڵاتناسەکان پەروەردەیان کردون و بە شیری خۆیان گۆشیان کردون ، ژەهریان هاویشتۆتە نێو هزر و فیکر و عەقڵیانەوە ، بەڕادەیەك تەنانەت بوونەتە ئامێرێکی گوێڕایەڵ بە دەست گەورەکانیانەوە ، ئەوان هەرچیان بوێت بیڵێن ئەمان ئەبنە وتەبێژیان ، ئەوان هەرچیان بوێت بیکەن ، ئەمان ئەبنە نوێنەریان ، و ئەوان لە ڕێگەی ئەمانەوە ، هەرچیەك کە حەزی لێبکەن و ڕقە شاراوەکەیان بیخوازێت بۆیان جێبەجێی دەکەن . ئەوەش خراپترین وتەبێژی و نوێنەری و زمانحاڵیە ، کە بیکەیتە هۆی سڕینەوە و ڕەشکردن و خراپکردن و گۆڕینی مێژووی سەدان ملیۆن کەس .

با نمونەیەکت عەرزی خزمەت بکەم : ماوەی حوکمڕانی عوسمانیەکان بۆ ئەم وڵاتانەی خۆمان و دەوروبەرەکەی .

کە ئەوان باسی لێوە دەکەن ، شتی زۆر سەیر و سەمەرە دەبینی ، لە دیدی ئەواندا تورکەکان موسڵمان نەبوون ، بەڵکو داگیرکەر و خێر وبێرات خۆر و خوێن مژمان بوون ، ئەو عەقیدەیەشی کە بەرزیان کردبۆوە و لە ژێر ئاڵاکەیدا شەڕیان دەکرد تەنها قیناع بووە ، کردویانە بە

هۆکارێـك و لـە پـشتیەوە مەرامـە گـڵاوە داگیرکاریـەکانی خۆیانیان بەجێ هێناوە .

لـە کاتێکدا کـە تەماشای هەقیقـەتی پرسـەکە دەکـەی پێچەوانەوەیە لە گەڵ حاڵی خۆیان و ئاوها نەبووە ، بەڵێ بێ عەیب نەبوون ، بەڵام خەڵکانێکی چاك بوون .

جا ئەمان شارستانیەتی ئیسلامیمان بە شێوەیەکی زۆر نـا واقعـی و درۆپۆشـەوە بـۆ وێنـا کـردوین ، هـەموو ئەمانەشیان بـۆ ئـەوە بـووە کـە لـە شـان و شـەوکەتی ئـەم ئوممەتەمان کەم بکەنەوە ، هەروەها سوکایەتی بەو هەموو دەستکەوتانەی بکـەن کـە پێشکەشی مرۆڤایـەتی کـردوە ، هـەموو ئەمانـەش بـۆ ئـەوەی دواجـار ئیـسلام لـە دڵـی ڕۆڵەکانیـدا ئـەو شـان و شـەوکەتەی نـەمێنێت و بـە چـاوی سوکەوە تێی بڕوانن . بەڕاستیش تـا ڕادەیـەك سـەرەکەوتو بوون لەو پیلانەیان . .

ئەمانــە و لەکاتێکیــشدا بایــەخی ڕۆژهەڵاتناســان و ڕۆژئاواناسـان هـەر بریتی نـەبووە لـە دیراسـەکردنی مێـژووی ئیسلامی و شێواندنی ، بـەڵکو سـەری کێشاوە بۆ تەفسیر و حـەدیس و فیقهـیش . هەنـدێك جـار ڕۆیـشتون دەسـتکاری دەقـەکانیان کـردوە و گۆڕیویانـە ، هەنـدێك جـاریش بـەهۆی چەوت تێگەیشتنی خۆیانەوە هەڵە لێی تێگەیشتون . هەروەك خوا یاربێ دەیان نمونەت پێش چاو دەکەوێت إن شاء الله ..

بەڕاستی زۆر جێی داخە دەبینی کتێبەکانیان لە هەموو بوارێکەوە کە پەیوەستی بە ئیسلام وموسڵمانانەوە هـەبێت هـەر لـە : تەفسیر وحـەدیس وفیقه وئـەدەب وشارستانیەت ودانشتوانەوە و ... هتد دیراسەیان لەسەر هـەمووی هەیە ، هـەر بۆیـە ئـەو کتێبانـەیان بووە بەسەرچاوە یەکەمـەکان بۆ فێرخوازە پسپۆڕەکان لە پەیمانگا و زانکۆکانی جیهان .

جا ئابەمە بوونە بە هەڵگری دیدوبۆچۆنی گـەورەکانیان وەك پێشتر عەرزم کردن .

لەبەر ئەمانە و . کە جگە لەمانـەش زۆرن . هەنـدێك لـە زانایانی ئیسلام کە غیرەتیان لە بۆ ئەو ئیسلامە و هەقیقـەت دەجوڵێـت ، جـوڵان و ڕووبـەڕوی ئەمـە وەسـتانەوە چـۆن وەستانێك ، بەری ئەو هەوڵانەی ڕۆژ هەڵاتناسـەکانیان گـرت وئاشـکرایان کـرد و ڕیـسوایان کـرد و پـەردەیان لەسـەر مەرامی پیسیان لادا بۆ ئەوەی هەموو خەڵك بەچاوی خۆیان بیان بینن و بیانناسن وهەقیقەتیان بۆ ڕون بێتەوە ([*]) .

جـا فێرخـوازانی بـەڕێز لـەم گەشـتەماندا بەپـشتیوانی خوای مەزن سەرێك دەکێشین بە جیهانی ڕۆژ هەڵاتناسی و ڕۆژ هەڵاتناناساندا ، ئەو بابەتانەشی کە باسی لێوە دەکەین بریتی دەبێت لەم ناونیشانانەی لای خوارەوە :

- مێژوی ڕۆژهەڵاتناسی .
- پاڵنەرەکانی ڕۆژهەڵاتناسی .
- ئامانج ومەرامەکانی ڕۆهەڵاتناسی .
- ئامرازەکانی ڕۆژ هەڵاتناسان بۆ بـەجێهێنانی مەرامە ناپاکەکانیان .
- گـرنگترین ئـەو بوارانـەی کـەخۆیانی پێـوە خـەریك دەکەن .
- ناوی مەترسیدارترینی ڕۆژهەڵاتناسە هاوچەرخەکان و لەگـەڵ نـاوی گـرنگترین کتێبـەکانیان . لەگـەڵ چـەندین بابـەتی تـری گـرنگ لەمـەڕ باسـی ڕۆژهەڵاتناسیەوە کـە بـە یارمەتی وتەوفیقی خوای بەرز ومەزن باسی لێوە دەکەین .

لە کۆتاییدا ئـەوەی جێـی ئاماژەپێکردن بێت . هـەروەك وتراویـشە : زانستەکەت جـوانتر دەبێـت کـە بیدەیتـە پـاڵ خاوەنەکەیـەوە . ، کرۆك و نەخشە و زۆربـەی ئـەم باسـەمان بریتیە لە کتێبی (( الاستشراق والمستشرقون )) ی د.موستەفا سیباعی ، جا هـەروەك تێبینی دەکـەیت نـەموت باسـەکەمان لـەو کتێبەوە وەرگرتوە ، بەڵکو گوتم : بریتیە لـەو کتێبە ، جیـاوازی ئـەو دوو تـەعبیرەش شـاراوە نیـە ، بـەڵام هەنـدێك جـار بـۆی زیـاد دەکـەم و هەنـدێك جـار کـورتی دەکەمـەوە و هەندێك جار شەرحی دەکەم ، هەندێك جار لە کتێبی تـرەوە سودی بۆ زیاد دەکەم .

داواکـارم لـە خـوای گـەورە بـە فـەزڵ و کـەرەمی خـۆی ئەوەمان فێر بکات کە سودمان پـێ دەگەیـەنێت وە سودمان پـێ بگەیـەنێت بـەوەی کـە فێرمـان دەکـات ، وە هـەموومان هیدایـەت بدات بۆ ئـەو ڕاستە ڕێگایـەی خـۆی پێـی ڕازیـە . آمین .

**م . علی محمد علی . دەرچووی.کۆمەڵایەتی . کەلار**

---

([*]) الاستشراق والمستشرقون (ص ٣-٦).

## سەرەتای هەموو کارێك

خوێنەرانی هێژا : ئیبن عومەر ﵁ ، دەفەرمووێ پێغەمبەر ﷺ ، فەرموویەتی : (( بۆ سەرەتای هەموو کارێك چالاکیەك و گەرمییەك هەیە ، وە بۆ هەموو گەرمییەکیش ساردبونەوەیەك هەیە ، جا بۆیە هەرکەسێ ساردبوونەوەکەی بۆ لای سوننەت و ڕێبازی من بێ ، ئەوا ڕێنومای کراوە ، وە هەرکەسێکیش نوشوستیەکەی بۆ لای بێجگە لە سوننەتی من بێ ئەوا بە هیلاك چووە )) ( صحّحه الألباني في : ظلال الجنة في تخريج السنة برقم : ٥١ ) .

**سودە وە دەست هاتووەکان :**

١ . بە هۆی ئەو فەرموودە پیرۆزە دەمەوێ ئەوە بدەم بە گوێی ئەو گەنجە خوێن گەرمانەی کە تازە خوای تەعالا هیدایەتیان دەدات ، بەڵام بەهۆی کەف و کوڵ و حەماسەتەوە ، خۆیان دوچاری چەندەها گرفت دەکەن ، بەهۆی نەبونی دانایی ، چونکە بەڕاستی بە ڕەچاوکردنی قۆناغەکانی هاتنی پەیامی ئیسلام ، دەبینین خاوەن پلە پلەیە لە دابەزاندنی حوکمە کانی ، کە ماوەی ٢٣ ی ساڵی خەیاند ، جا بۆیە گەنجە خۆشەویستەکەم تۆ ناتوانی ئەوەی تۆ مەبەستە لە چاو تروکانێکا بێتەدی ، بەڵکو پێویستە ئارامت هەبێ خۆت فێرێ زانستی شەرعی بکەی ، ئەگینا لەوانەیە ماڵەوەت لە سەرەتادا تابێ گرفتی تۆیان بۆ روون دەبێتەوە دژایەتیت بکەن ، بەڵام خۆ ئەگەر زانیان کە تۆ بەدوای ڕەزامەندی خوادا وێڵی ، ئومێد وایە ببنە پشتیوانت و بەرگریت لێ بکەن ، لەبەر ئەوە پێویستە پەلە نەکەیت چونکە لەوەیە بە زەرەری خۆت تەواو ببێ ، و دوچاری لادان ببێ ، چەند زۆرن ئەوانەی پەلەیان کردوزەرەریشیان کرد .

٢ . ئیسلام مایەی بەخشینی هێز وتینە بە شوێنکەوتوانی ، وهاندەری کارکردنیشە ، بەڵام ئاموژگاریان دەکات مام ناوەند بن ، بۆ ئەوەی پارێزراوبن لە توندڕەوی وکورت ڕەوی ، ( الإفراط والتفريط ) چونکە ئاکامی هەردووك دۆزەخە .

٣ . پێویستە گەنج هان بدرێ لەکاتێ کە توشی ئەو گەرم وگوڕیە ( حەماسەتە ) دەبێ بۆ یەکخواناسی وسوننەتی خۆشەویستمان ﷺ ، . نەك زیاتر هەڵبنرێ بۆ توندی . چونکە گەر توشی خاوبونەوە هات وگەڕایەوە لای سوننەت ئەوا هیدایەت دراوە ، دەنا گومڕا دەبێت . هەمدیس خەڵکی لەم شێوەیەش زۆرە ، کە لەسەرەتاوە بێ ئەندازتوندڕەوبووە ، بەڵام دوای سەیر دوور دەکەوێتەوە ، کە زۆر جار نوێژیش ناکات ، کوفریش بە خوا دەکات ، پەنا بە خوا .

٤ . دەستخستنی بەختەوەری دونیاو قیامەت تەنها لە ڕێی پابەندبونەوەیە بە سوننەتەکانی سەروەرمان ﷺ ، ئەگینا ئەوەی ترهەمووی گومڕای وبە هیلاك چونە !

٥ . دیارە ئەو فەرموودەیە پیرۆزەش هانمان دەدات بۆ دەست گرتن بە ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ ، و دورکەوتنەوە لە داهێنان وبیدعەکاری لەدیندا ، خوای گەورەش دەفەرمووێ : ﴿ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا ﴾ ( الحشر : ٧ ) .

٦ . سوننەت واتە : ئەو ڕێ وڕێبازەی کە پێغەمبەری پێ هاتوە ﷺ ، دیارە سوننەتی ڕاستی سەروەریشمان هاوشان و ڕونکەرەوەی قورئانی پیرۆزیشە ، وەکو ژمارەی پێشوش ئاماژەمان پێدا .

٧ . وشەی ( ڕینوومای کراوە ) ، واتە : بە ڕێگەیەك هەنگاوی گرتوە ، کە جێی ڕەزابوونی خوای تەعالایە ، هەروەکو بە هیلاك چونەکەش گومڕای و سەرلێ شێواوی و تیاچونی یەکجاریە .

٨ . وە هەرکەسێکیش سەرپێچی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بکا ، ئەوا لە ئوممەتی ئەو ناژمێردرێن ، لەقیامەتیش دوور دەخرێنەوە لە حەوزی کەوسەرلەڕۆژەی کەمرۆڤەکان هەموو پێویستیان پێ یەتی ، خوای گەورە پێمان کەڕەم بکا .

٩ . پەیوەست بوون بەسوننەت هۆکارێکە بۆ دەست خستنی ڕازیبونی خوا ، و پاشانیش چونە ناو بەهەشت . وە بە پێچەوانەشەوە ، ولە کاتێکدا شەیگان ڕقی لە پەیوەست بوون بەسوننەت .

١٠ . بۆیە خوێنەرە سەنگینەکان کاتێ خوای گەورە هیدایەتی دان بۆ ئەو ئیسلامە پیرۆزە ، هەوڵبدەن زۆرترین ڕەفتاری جوان بنوێنن لە ماڵەوە و دەرەوە ،چونکە بەداخەوە گەنج هەیە بەپێچەوانەی ئەوەوەیە ، بۆیە دایك وباوکەکان دەکەونە دژایەتی هەر منداڵیکیان کە خوا

هیدایەتی بدا ، ئەوەش بە هۆکاری هەندێ گەنجی خوێن گەرمی کێشە دروستەکەر لەماڵەوە پێش دەرەوە . وە پێویستیشە دایك وباوکەکان هاوکاری منالەکانیان بن ، نەك زیاتردووریان خەنەوە . چونکە بەئەندازەی دورکەوتنەوەی خراپە توشی خۆی وبێجگە لەخۆشی دەکات .

١١ . ڕەحمەتی خوای پەروەدگارلەو کەسەی کە قەدری خۆی دەزانێ وبە قۆناغ قۆناغ ( تدرُّج ) گەشە دەکات ، نەك کەسێکی هەڵپە چی بێ .

**جهاد قادر علی ، عەرەبی ، قەڵادزێ**

## کورتەیەك دەرباری ...

کورتەیەك دەرباری ... گۆشەیەکە هەرجارە و باسی ( ئایین و ئایدۆلۆجیا و بزوتنەوە و تاقم و گروپ و بۆچوون و فەلسەفەیەك ) دەکات و مێژوو و کەسایەتی و بیروڕایان دەخاتە ڕوو بەو هیوایەی خوێنەر زیاتر شارەزای بیرۆکە جیاوازەکان ببێت و هەڵیان بسەنگێنێت و خۆی لە بانگەشە گومڕاکان بپارێزێت و بە بانگەشەیان نەخەڵەتێت ، هەروەك دەوترێت ( خراپە دەناسم بۆ ئەوەی خۆمی لێ بپارێزم ، هەر کەس خراپە لە چاکە جیا نەکاتەوە تووشی دبێت ) .

### ئەڵقەی دووەم : هیچگەرایی :

هیچگەرایی : بۆچونێکی ئەدەبی وفەلسەفی مولحیدە ، کرنگی دەدات بە ( نەبوون ـ هیچ ) وەك دیوەکەی تری بوون . سەرەتای دەرکەوتنی ئەم بیرۆکەیە بەپەرتەوازەیی دەگەڕێتەوە بۆ شانۆگەرییە کۆنەکانی یۆنان کە باسی ململانێی نێوان مرۆڤ و چارەنووس دەکات ، و هەروەها بیروباوەڕی گاور بۆ مردن و ڕۆژی دوایی ، بەڵام دەرکەوتنی وەکو قوتابخانەیەکی سەربەخۆ دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە و نووسینەکانی ڕۆمان نووسی فەرەنسی ( گۆستاڤ فلۆپێر ) . وە ئەم بۆچوونە لە فەرەنسا و ئینگلترا بە تایبەت و ڕۆژئاوا بە گشتی بلاوە .

**گرنگترین بیروڕا و بۆچوونەکانیان :**

١ . بوون و نەبوونی پەروەردگار هیچ مانایەکی نیە و پێویست ناکات خەڵکی بەو باسانەوە سەرقاڵ بکەین .

٢ . هەموو شتێك کۆتاییەکی هەیە و مانای شتەکانیش لە کاتی لە ناوچوونیاندا دەردەکەوێت ، بەم پێیەش مانای ژیان لەکاتی تەواوبوونیدا دەردەکەوێت .

٣ . خۆشەویستی و چێژ شتێکی بێ مانایە بە لای هیچ گەراکانەوە ، چونکە سەرەنجامی هەموو شتەکان بۆ لە ناوچوونە .

٤ . پێیان وایە کە ئیشی هیچگەرا بریتی نیە لە تەنها بێ ماناکردنی ژیان و بلاوکردنەوەی بێ هیوایی ، بەڵکو بریتیە لە ڕووبەڕووبونەوەیەکی بوێرانە بۆ ڕاستیەکانی بوون .

٥ . مرۆڤ خاوەنی کۆمەڵێك توانای دیاریکراوە کە ئاکامەکەی لەناوچوونە ، وە بۆ سەلماندنی خودی خۆی پێویستە لە سنووری ئەو توانایانە کار بکات وە ژیانی وەکو کەسێك بگوزەرێنێت کە چیتر بۆ نەمانە و هیچ لێپرسینەوەی نیە .

٦ . لە ڕووی ئەدەبیشەوە هەوڵی نەهێشتنی بەربەستە دروستکراوەکانی نێوان زانست و هونەر دەدەن و لەو باوەڕەدان کە سەرەڕای جیاوازی ڕێگای زانست و هونەر لەیەکەوە بەڵام ئاکام و مەبەستەکانیان یەکێکە کە ئەویش فراوانکردنی زانیارییەکانە دەربارەی مرۆڤ و پەیوەندییان لە گەڵ زانستدا .

**کەسایەتی و بانگەواز کارەکانیان :**

١ . گۆستاڤ فلۆپێر ، کە بە یەکەم کەس دادەنرێت لە ڕۆمانە ڕەخنە ئامێزەکانیدا مانا و بنەماکانی هیچگەرایی دەرخستبێت .

٢ . شاعیر و ڕەخنەگر ( گۆتفرێد بێن ) کە دیارترین کەسە لەناو هیچگەراکان کە مانای هیچگەرایی وەکو بۆچوونێکی ئەدەبی ناساندبێ .

٣ . ئەنۆرێ دی بەلزاك .

٤ . هەروەها لە هیچگەراکانی بواری ئەدەب ، ڕۆمان نووسی ڕووسی ( دیستۆفسکی ) ، کە دەڵێت : ئەگەر خودا بوونی نەبێت ئەوا هەموو شتێك ڕێپێدراوە و هیچ مانایەك نامێنێتەوە بۆ ئاکار ( أخلاق ) .

٥ . وە لە بواری فەلسەفەدا ( فرێدریك نیچە ) ی خاوەن ووتەی ( مردنی خودا ) .

**م . فلاح حسن . دەرچووی E صلاح الدین**

# ئایە ڕاستە حوكمی ئاین ئازادیەكان بەرتەسك دەكاتەوە ؟!!!

مـرۆڤ بـە عـەقڵ و یاسـا و پرۆگرامـی خـودایی لـە زیندەوەرەكانی تری گەردوون جودا دەكرێتەوە ، ئەوەش كـە پێیـدەگوترێت ئـازادی ڕەهـا لـە هـیچ كۆمەڵگەیـەكی مرۆیـی بونی نییە ،بەڵكو ئەوە دارستان و جەنگەڵە كە یاسا و ڕێسای . مانەوە بۆ بەهێزەكان . ی تیادا پیادەیە .

ئـەوەی كـە زۆر جێگـەی سەرسـورمانە ئەوەیـە كـە زۆربـەی ئـەو كەسـانەی كـە باسـی مـاف و ئـازادی مـرۆڤ دەكـەن بەشـی زۆری دەقـەكانی ئـاینی ئیـسلام بـە پێشێلكەری ئـەو مافانـە ئـەژمار دەكـەن ، بێئاگـان یـان نـازانن كـە هـەر كۆمـەڵگاو تایبەتمەنـدی و سیـستەمێكی خۆی هەیە ، پێویستە هـەموو تاكەكانی بە ئاین و ڕێسا كۆمەڵایەتیە باشـەكانی ئـەو گەلـەوە پابەنـدبن ، ئەگـەرنا تـاكێكی نەشاز و نەویستراوە و لـە دەرەوەی كۆمەڵگەكە دەژێت ، ئەو ڕستە بێناوەڕۆكەی كە ئاین و ئایدۆلۆژیا بۆ پرسـە ڕۆحیەكانـە و بـەكاری بـەڕێوەبردنی ئـیش و كـاری دونیا نایەت ، تـەواو پێچەوانەی واقیعە ، چونكە ئێستا دوو گـــەورەترین وڵات لـــە ڕوی دانیـــشتوانەوە دوو ئایدۆلۆژیا فەرمانڕەواییان دەكات ئەوانیش چین و هندن كـە یەكـەمیان كۆمۆنیـستیەت و ئـەوتریان ئـاینی هندۆسـەكان پـەیرە و دەكـەن ، وە ئـەمریكاش كـە گەورەترین زلهێزی دونیا دەوڵەتێكە ئاینی شێوێنراوی نەصرانیەت پـەیرەو دەكـات و سـەرۆكی وڵات پێویـستە نەصرانیەكی كاسۆلیك بێت و كڵێسا و قەشـەی تایبـەتی هەبێت وبەبەردەوام سەردانی بكات .

هـــەروەها ئیـــسرائیل كـــە زۆر جـــار ئـــازادی پـەروەرەكانمان بـە نمونـەی دیمكراتخـواز و وڵاتـی یاسـا باسـی لێوەدەكـەن ، تـونڕەوترین دەوڵـەتی ئـاینی ئـەم سـەردەمەیە و ئاڵاكـەشی ئەسـتێرەیەكی شـەش پـەڕەی تێدایـە كـە دەڵـێن هێمـای داودی پێغەمبەریانـە هـەموو دەسـتور و یاسـاكانی بـە پێـی تلمـود و تـەورات نوسـراوەتەوە ، هـەموو ئـیش و كارێـك كۆمـەڵێك یاسـای تایبـەتی خۆی هەیە پێویستە هەركەسێك بەهـەركارێكی تایبەت هەڵدەسێت پابەندبێت بەیاساكانی ئەو كارەوە .

ئـاینی پـیرۆزی ئیـسلامیش وەك ئـاینێكی واقعـی هەركـەس موسـڵمان بـوو پێویـستە هـەموو داواكاریـەكانی بە گوێرەی توانـا جێبەجێ بكـات .

نابێـــت هەنـــدێكی بەشـــیاو بزانێـــت و هەنـــدێكی بەنەشیاو خـودای مـەزن دەفـەرمووێت : ﴿ أَفَتُؤْمِنُــونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ فَمَا جَزَاء مَن يَفْعَلُ ذَلِكَ مِنكُمْ إِلاَّ خِزْيٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرَدُّونَ إِلَى أَشَدِّ الْعَذَابِ وَمَـا اللّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴾ ( البقرة : ٨٥ ) .

واتە : ئایا بە هەندێك لە قورئان ئیمان دەهێنن و بە هەندێكی ئیمان ناهێنن ، ئەوەی لە ئێوە وابكات ئەوە لە دونیـادا سەرشـۆڕ و ڕیـسوا دەبێـت و وە ڕۆژی قیامـەت بـەئێش تـرین سـزادەدرێن خـودا بێئاگـا نییـە لـەو كردەوانەی ئەنجامی دەدەن .

ئێستا وەڵامی ئەوەی كە ئایە حوكمی ئاینی ئیسلام ئازادیـەكان بەرتەسـك دەكاتـەوە ؟!! ئەگـەر مەبەسـت لـە ئازادی ئەوە بێت كە هـەواو ئارەزوی مرۆڤ هەرچی بوێت ئەنجامی بدات بـەبێ گوێدانە كۆمەڵگە و دەوروبـەری ، وە بێ گوێدانە سود و زیانی ئەو كارە بۆ خۆی و تاكەكانی كۆمەڵگـە بـە دڵنیـایی یـەوە بـەڵێ ، چـونكە ئـەوە زەوت كردنـی ئـازادی نییـە بـەڵكو ڕێگرتنـە لـە بشێوی و پاشا گـەردانی ئـەو جـۆرە كارانـە نـەك ئـاینی ئیـسلام ڕێگـەی لێـدەگرێت بـەڵكو هـەموو كەسـێكی دەروون دروسـتیش یاساغی لێ دەكات .

لێرە بە نمونە یەكێك لەو كارانەی كە ئەوان بە ئازادی كەسـی دەزانـن و ئیدعای ئەوە دەكـەن كە گوایـە ئیـسلام ڕێگری لێدەكات باسدەكەم ، ئەویش ئازادی سێكسی یە ، مەبەستیـشیان لـەم ئازادییـە ئەوەیـە كـە مـرۆڤ بـەڕەها دەتوانێت بەهـەر شێوازێك ئارەزوەكـانی تێربكات !! ئەم بەناو ئازادیە شایەنی توانج لێگرتن نییە !! چونكە نەك ئیسلام بەڵكو هەندێك لە گیانلەبەرانیش ئەوە قبوڵناكەن !

م . عثمان أحمد . دەرچووی : بیركاری

## ئەستێرەیەكی گەشاوەی نێو چاوانی مێژوو و بازرگانێكی سەركەوتووی بازاڕی تێشوو هاوەڵی پایەبەرز سەعیدی كوڕی عامر ﵁

وەكـو ڕوون و ئاشكرایـە كـە خـەلـیـفـەی دووەم ( عومەری كوڕی خەتتاب ﵁ ) یەكێك بووە لەو خەلیفە دادپەروەرانـەی كـە مێـژوو شـانازی پێـوە دەكـات ، بەبـەردەوامیش هاولاَتیـانی ژێـر دەسـەلاَتی دەوڵـەتی ئیسلامی بەسـەر كردۆتـەوە و لێپرسینەوەیشی كـردووە لەگـەڵ والی و دەسـەلاَتدارانی ئـەو سـەردەمە كەئـەم بەسەرهاتە شاهیدی ئەو حاڵەیە .

جارێكیـان خەلیفە ( عوممـەری كوڕی خـەتتاب ﵁ ) بەسەردانێك دەگاتە شاری ( حمص ) و خـەڵكی ئـەم شارە كۆدەكاتـەوە و پیان دەڵێت : ئەی خەڵكینە چی سكاڵاو گازندەیەكتان هەیە لەخزمەتكارەكەتان ( والیەكەتان ) !!!

ئەوانیش لە وەڵامدا دەڵێن : بەڵی چوار سكاڵامان هەیـە لـە دژی والی ( سـەعیدی كـوڕی عـامر ﵁ ) كەئەمانەن :

١ . لەكاتی بەرەبەیاندا ئامادە نابێت لەنێو خەڵكیدا بـەڵكو كاتێـك ئامـادە دەبێـت كـە خـۆر بەتـەواوەتی بەرزبووەتەوە .

٢ . كەشەو دادێت بەهیچ شێوەیەك وەڵامی هاولاَتیان ناداتەوە .

٣ . لـە هـەموو مـانگێكدا ماوەی یەك ڕۆژ لەماڵ دەرناچێت وئامادەی نێو خەڵك نابێت .

٤ . هەنـدێك جار تووشی لەخۆچوون و بوورانـەوە دەبێت و ئاگای لەخۆی نامێنێت .

خەلیفە ( عومەریش ﵁ ) بڕیاردەدات كە ( سـەعیدی كوڕی عامر ﵁ ) كە والی ئەم شارەیە بانگ هێشت بكاتە بەرامبەر خەڵكی و وەڵامی سكالاَكانیان بداتەوە . والیش لـەكاتی دیـاریكراودا ئامـادە دەبێـت و دەسـت دەكـات بەوەلاَمدانەوە و دەڵێت :

هەرچەندە زۆرم پێناخۆشە كە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە چونكە چەند نهێنیـەكی تێدایە كە پەیوەستە بە نێوان خۆم وپەروەردگارمـەوە بـەلاَم بۆ ئـەوەی هاولاَتیان گومانی خراپ نەبەن ئەمەش وەلاَمەكانە :

١ . بۆیە هەموو ڕۆژێك درەنگ لەماڵ دەردەچم چونكە خێزانەكـەم خزمـەتكاری نیـە بۆیـە خـۆم هـەموو ڕۆژێـك هاریكاری دەكەم لـەكاروباری نێو ماڵـدا و هـەویری لەگـەڵ دروسـت دەكـەم و یارمـەتی دەدەم تـاكو نانەكـەی دەكـات دواجار دەست نوێژ دەشۆم ولـەماڵ دەردەچم !!!!! ئەمە هۆكاری درەنگ ئامادە بوونمە .

٢ . شەوانیش بۆیە وەلاَمی خەڵكی نادەمەوە چونكە ڕۆژم تـەرخان كردووە بۆ خزمەتی خەڵكی شەوانیش بۆ پەرستشی پەروەردگار .

٣ . بۆیە لەهەموو مانگێكدا یەك ڕۆژ دەرناچم چونكە یەك جۆر كەل وپەلم هەیە لەو ڕۆژەدا بۆم دەشۆن چاوەڕێ دەبم تاكو وشك دەبنەوە دوای لەبەری دەكەم !!!!!

٤ . بۆیە تووشی بوورانەوەش دەبم چونكە وێنەیەكی زۆر سـامناكی سـەردەمی نـەفامیم دێتـەوە یـاد كـەزۆر كاریگەری هەیە لەسەر ژیانم ئەویش ئەكاتە بوو كاتێك خـەڵكی شـاری مەككـە هـاوەڵی پایەبـەرز ( خوبـەیبی ئەنساریان ) بەخەیانـەت بـەدیل گـرت و هێنیانـە شاری مەككە و خەڵكیان كۆكردەوە و پارچە پارچە گۆشتیان لە لاشـەی ئـەم هاوەڵـە دەكردەوە پاشـانیش هـەڵیان بەستە دارێكەوە پێش ئەوەی تیر بارانی بكەن پیان ووت : حەز دەكـەیت كـە ( موحەمـەد ﷺ ) لـە جێگـەی تـۆ بیـت ؟ ئەویش لە وەڵامدا ووتی : سوێند بەخوا حەزناكەم كە من لەنێو ماڵ و منداڵی خۆمدابم و ( موحەممەد ﷺ ) لەماڵی خۆیدا دڕكێك بە پێیدا بچێت !!!!!

كاتێـك ئـەم سـاتە وەخـتم دێتـەوە یـاد كـەمن بـێ باوەڕبووم ولەوێ ئامادەبووم ونەمتوانی ئەو هاوەڵە پایە بـەرزە دەربـاز بكـەم بۆیـە زۆر ئەترسـم پـەروەردگار لـێم خۆش نەبێت و تووشی بورانەوەش دەبم .

سەرچاوە :

( صفة الصفوة : ١ /٢٨٠ – ٢٨١ )

م . پشتیوان محمد . دەرچووی عربی . صلاح الدین

## نوێژ كردن بە جلی وەرزشی یەوە

نوێژ كردن ڕاوەستانی موسڵمانە لە ئاست خوای پەروەردگار و بەرز ڕاگرتنی بە سوجدە بۆ بردن و پاڕانەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا جوانترین گفتوگۆیە لەنێوان بەندەی موسڵمان و خوای پەروەردگار .

بەڵام بەداخەوە زۆربەی موسڵمانان بەتایبەت فێرخوازان پێچەوانەی ئەم ئایەتە پیرۆزە بونەتەوە كە خواری پەروەردگار ئەفەرمویٚ : ﴿ يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ ﴾ ( الأعراف : ٢١ ) .

زانایان سەبارەت بە ﴿ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ ﴾ ئەڵێن واتە : لە هەموو نوێژێكدا .

ئەگەر دیقەت بكەین ئەبینین زۆرێك لە فێرخوازان بەیانی زوو هەڵدەسیٚ سەرقاڵی خۆ گۆڕین و خۆجوانكردنەوەیە بۆ زانكۆ ، ڕەنگە چەن ڕەنگێك تاقی بكاتەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕەنگە هەڵبژێریٚ لەگەڵ پێڵاوەكانی بگونجیٚ ، ڕەنگە هێندە دوا بكەویٚ فریای خواردنی نانی بەیانی نەكەویٚ ، هەموو ئەمانەیش لەپێناو چی ؟ لەپێناو ئەوەی خەڵكی نەڵێن بیٚ زەوقە ، نازانیٚ جل لەبەر بكات ، دواكەوتوە ... هتد .

لەولایشەوە ئاگای لەخۆی نیە كەوتووەتە پێچەوانەبوونەوەی فەرمانی پەروەردگاری !!

ڕەنگە بپرسن چۆن خۆ جوان كردنەوە ئەبێتە هۆی سەرپێچی فەرمانی پەروەردگار ؟ خۆ ئیسلام دینی پاك و خاوێنی و جوانیە ؟ ئەڵێم ڕاست ئەكەن ، بەڵام ئاخۆ ئەوكاتانەش كە ئەبنە میوانی پەروەردگار و نوێژ ئەكەن بەهەمان شێوە خۆتان ئەڕازێننەوە ؟ نەخێر بەڵكو زۆرێك لەم ڕۆژگارە جلەكانی دەرەوەی زوو ئەگۆڕیٚ لەترسی ئەوەی لەكاتی نوێژكردن ئوتوەكەی تێك نەچیٚ ، لەبەرامبەردا جلێكی سادە لەبەر ئەكات كە تەنانەت شەرم ئەكات پێوەی بچێتە دەرەوە بۆ شت كڕین . باشە لەخۆت بپرسە خوای پەروەردگار شایستەیە لەكاتی ڕۆیشتن بۆ ماڵەكەی یان لەكاتی گفتوگۆ كردنت لەگەڵیا خۆت بڕازێنیتەوە ، یان خۆ ڕازاندنەوە بۆ خەڵكی ؟

هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم موسڵمان واز لە خۆ جوانكردنەوە بهێنێت ، بەڵكو هانیان ئەدەم بەردەوام جلی باش لەبەر بكەن و پاك و خاوێن بن بەڵام لە سنوری شەرعی خوا تێنەپەڕیٚ .

كەچی بەداخەوە ئەو جل و بەرگەی زۆرێك لە فێرخوازان لە كاتی نوێژكردن لەبەری ئەكەن ، شەرم ئەكەن پێوەی بچنە بازاڕ شەرم ئەكەن پێوەی بچنە بۆنە و ئاهەنگ و میوانی شەرم ئەكەن پێوەی سەردانی هاوڕێكانیان بكەن ، بەڵام شەرم ناكەن و لەئاست پەروەردگاریان بەو جلەوە ڕائەوەستن و ئەشیانەویٚ بەو شێوەیە پەروەردگار لە خۆیان ڕازی بكەن !!!!

مەترسی دارترین جلیش لاوان گیرۆدەی بوونە و لە نوێژ كردن لەبەری ئەكەن جلی وەرزشیە وەك : (( تراكسوت و فانیلەی یاری و شۆرت و سیٚ چارەك )) كە زۆرێك لە زانایان . لە بەر نەبوونی مەرجە شەرعیەكان تیایاندا . نوێژكردن بەم جلانەوە بە بەتاڵ ئەزانن . جلە وەرزشیەكانیش چەند مەترسیەكیان هەیە لەسەر نوێژگەران :

١ . تراكسۆت و سیٚ چارەك دەبنە هۆی دەركەوتنی عەورەتی موسڵمان . ئەمە بۆ پیاوان ، بیگومان بۆ ئافرەتان خراپ تر و گەورە ترە وهۆكاری بەتالبوننەوەی نویژەكانیانە ـ ، هەربۆیە زانایانی هاوچەرخ مەرجیان داناوە بۆ نوێژ كردن پیاوان بە پانتۆڵیشەوە كە دەبیٚ ( فراوان بیٚ و لەسەروی قاپ دان بیٚ و كراسەكەش بدریٚ بەسەریا لەترسی دەركەوتنی عەورەت ) كەواتە حوكمی تراكسۆت قورسترە .

٢ . هێمای تیپەكان لەسەر جلە وەرزشیەكان بە گشتی یان خاچە ( صلیب ) یان ( وێنەی گیاندار ) ە یان ( ووشەی ناشیاو ) وەك ووشەی ( NIKE ) كە زانایان ئەڵێن نوێژكردن پێوەی ناجائزە . هەمویشیان هێمای ( NIKE ) ی پێوەیە .

٣ . جلە وەرزشیەكان یان ووشەی ( NIKE ) ی پێوەیە یان ئەم هێمایە ( ✓ ) كە مەبەست پێی ( NIKE ) ە ، نایكیش واتە : خوای سەركەوتنی

ڕۆمـانـەکـان ، ئـەمـەش هـاوەڵ بـڕیـاردانە بـۆ خوای پەروەردگار ، کەچی زۆرێك لـەکاتی نوێژەکانیان لەبەری ئەکەن .

٤ . نوێژکردن بە جلی وەرزشی بە بچوك ڕوانینە بۆ نوێژ و پێچەوانە کردنەوەی ئەو ئایەتەی پێشوووە کە فەرمانی داخوازی ( أمر ) ی تیایە .

٥ . جلە وەرزشیەکـان دەبنـە هـۆی سـەرقاڵ کـردنی چـواردەور لـە نوێژەکانیان ، چونکە ڕەنگە تۆ جلـی یـاریزانێك لـەبـەر بکـەی هـەموو ئەوانـەی خۆشـیان ئـەوەیَ و ئەوانـەش ڕقیـان لێیـەتی بیریـان ئەکەوێتە لای ئەو یاریزانە .

هـەروەها سـەبارەت بـە جلـی وەرزشـی زانـای پایەبەرز ( صالح بن فوزان الفوزان ) لە وەڵامی پرسیارێك سـەبارەت بـەو کەسانەی جلی وەرزشی لەبەر ئەکـەن فەرمووی : موسڵمان بۆی نیە ئەو جۆرە جلانە لەبەر بکات کە وێنەی گیانداری پێوە بێت . وە ئەگەر ئـەو وێنانـە تایبـەت بێت بـە بیَ باوەڕانەوە ئـەوا کارەکـە تـرسناکتر و تـوند تـرە ، چـونکە بەڵگەیە لـە سـەر خۆشەویستیان . ئاشکرایشە خاچ ( صليب ) و ( NIKE ) تایبەتە بە بیَ باوەڕانەوە .

هـەروەها سەبارەت بـەم جلانە لیژنـەی هەمیشەیی فـەتوا دان ئـەڵێن : نابێت بـە جلێکـەوە نوێژ بکرێت کە وێنەی گیاندار ( مرۆڤ و ئاژەڵ و پەلەوەر ) ی پێوە بیَ ، وەنابیَ لە کاتەکانی تریش لەبەر بکرێت .

کەواتە ئەگەر وێنەی گیاندار و ناوی یاریزان ڕێگە پێنەدراو بێت ئـەوا وێنـەی خاچ مەترسیدارترە ، هـەر لـەم بارەیـەوە بوخـاری ئەیگێڕێتـەوە لـە پێغەمبـەری خواوە ﷺ کەوا : " لـم يكن يترك في بيتـه شـيئا فيـه تصاليب إلا نقضه " ، ( التصليب ) یش واتە وێنـەی خاچ هەروەکو لە ( غاية المرام / ١٤٢ ) دا هاتووە .

لێرەدا حـەق وایـە هـەموو موسـڵمانان لـەخۆیان بپرسن ئاخۆ هیچ خاچ پەرست و بێباوەڕێك ئامادەیە لەکاتی نوێژ کردنی تایبەت بەخۆیان جلێك لەبەر بکات کـە ( لا إله إلا الله ) ی پێوە بێت یـان نـاوی ( الله ) یان ( محمد ) یان وێنـەی ( کعبـة ) و ( مزگەوت ) یان هـەر دروشمێك لە دروشمەکانی ئیسلامی پێوە بێت ؟!

نـەخێر لەبـەری ناکـەن بـەڵکو بـە هـەموو هێـز و توانایانـەوە دژایـەتی دروشمـەکانی ئیـسلام ئەکـەن و هەوڵ ئەدەن لە پێش چاو خەڵکی چەواشەیان بکەن . کەواتە موسڵمانی بەڕێز ئاگەدار بە لە کاتی نوێژەکانت و لە کاتەکانی تریشت دروشمی بێباوەڕان لەبەر مەکە ، مەهێڵە دروشمی دوژمنانی خوا لەسەر جلەکانت بیَ ، ئەگـەر خـوا و پێغەمبەرەکـەیت ﷺ بـە ڕاسـتی خـۆش ئەویَ لەکاتی نوێژەکانت ئاگات لە جلەکانت بیَ . جلێك لـەبـەر بکە شایستەی ئـەو زاتە بیَ سوژدەی بۆ ئەبەی ، جلێك لەبەر بکە وێنە و نـاو و دروشمی بیَ باوەڕانی پێوە نەبیَ .

پاشان خوای پەروەردگار ئەفەرمویَ : ﴿ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ ﴾ ( العنكبوت : ٤٥ ) ، واتـە : بـە ڕاستی نوێژ بەرهەڵستی مرۆڤە لـە کـاری خراپ و ناپەسەند و تاوان .

کەواتـە کـوا نوێژی کەسێك بەرهەڵستی ئەکات لـە کـاری خراپ و ناپەسـەند و تـاوان لەکاتێکدا نوێژ بـە جلێکەوە بکات وێنە و دروشمی کافران و بێباوەڕان و دوژمنانی خوا و پێغەمبەرەکەی پێوە بێت ؟!!

م.هاوار عبدالله .دەرچوی کۆمەڵایەتی .کەلار

( أبو درداء ) رضي الله عنه فەرموویەتی :

(( لا تكون تقياً ؛ حتى تكون عالـماً ، و لا تكـون بالعلم جميلا ؛ حتى تكون به عاملا )) ( مواعظ الصحابة ، لصالح الشامي : ص ٣٠٤ ) .

واتـە : لـەخـوترس نـابیت تاکو زانا نەبیت ، وە بـە زانستیشەوە نـاڕازێیتەوە تاکو کردەوەی پیَ نـەکـەیت .

# گرنگی کات

کات سەرمایەیەکی گرنگە لە ژیانی مرۆڤایەتی بەگشتی و موسوڵمانان بەتایبەتی کەتێیدا تێشوو کۆدەکرێتەوە بۆ ڕۆژی دوایی ، پیاو چاکان و زانایان بە تێڕوانینێکی گرنگەوە سەیری کاتیان دەکرد و بەڵکو بەنرخترین شتیش بووە لەلایان .

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ : " نعمتان مغبون فيهما كثير من الناس ؛ الصحة ، والفراغ " ( رواه البخاري ) ، واتە : دوو نیعمەت هەیە زۆر لە خەڵکی تێیدا خەسارەت مەندن ( لە دەستی دەدەن و قەدری نازانن ) لەش ساغی و دەست بەتاڵی .

ئەو سەفەرەی مرۆڤ دەیکات هەرلە لەدایك بوونیەوە تاکو مردنی و دەرچوونی لەم ژیانە پێی دەوترێت ( تەمەن یان زەمەن یان کات ) کە خوای گەورە و میهرەبان تایبەت مەندیەکی داوەتێ بە هەندێ سیفات و تایبەت مەندی کەلە شتەکانی تردا نییە ، وە ئەگەر موسوڵمان بەڕاستی گرنگی کات بزانێت لە ژیانیدا ئەوا هەر بەشیرەوە ئەیدات بە مندالەکانی هەر بە منداڵیان تاکو گەشە بکەن لەسەری و بنیات بنرێن چونکە قەدر نەزانینی کات و بایەخ پێنەدانی و کەڵك وەرنەگرتن لێی بەڕاستی تیاچوون و نەهامەتییە بۆ ئوممەتانی ئیسلامی .

شێخ حەسەن بەسری دەفەرموێ : هیچ ڕۆژێك نییە کە خۆر هەڵدێت ئیلا هاواردەکات و دەڵێت : (( يا ابن ادم : أنا خلق جديد وعلى عملك شهيد فتزود مني ، فإني إذا مضيت لا أعود إلى يوم القيامة )) ، واتە : ئەی ئادەمیزاد : من دروست کراوێکی نوێم وە شاهیدم بەسەر کردەوەکانتەوە تیشوو لە من ببە بۆ گۆڕ و قیامەت ، چونکە من کە لێت دەڕۆم ئیدی تاڕۆژی قیامەت ناگەڕێمەوە .

بۆیە مامەلە کردن لەگەڵ کاتدا دەبێت بەشێوەیەك بێت کە حیسابی هەرخولەکێك بکەین لەگەڵ خۆمان دا چونکە هۆکاری سەرەکی نزمی ئاستی فێرخواز و دواکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی بە فیرۆدانی کاتە بەهەندێ شتی بێ سوودو لاوەکی کەزیان بەئایندەی وڵات و ئایین و زانستمان دەگەیەنێت بۆیە کات زێر نییە بەڵام خودی کات خۆی زێرە .

بەڕاستی نەهێلین دەقەیەك کات لێمان بڕوات ئیلا خۆمان خەریك بکەین بە زکری خوای گەورە و فێربونی زانست وزانیاری و کردەوەی باش چونکە ئەو ساتە وەختە بڕوات کە لەبەر دەستتە جارێکی تر ناگەڕێتەوە چونکە مرۆڤ ژیانی کاتە و ماوەکەی دیاریکراوە کە بۆی دانراوە بۆیە دەبێ زۆر وشیاری ئەو ساتە وەختە بین .

وە گومانیش لەوەدا نیە لە ڕۆژی قیامەتدا کە موسڵمانان پاداشتی چاکەکاریەکان و زیکرکردن دەبینن بۆ هیچ شتێك پەشیمانی ناکێشن وەك ئەوەی کە بۆ بەفیرۆدانی کاتەکانیان دەیکێشن کە تێپەڕیووە بەسەریاندا و زیکری خوایان تیادا نەکردوە [1] .

حەسەن بەسری ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرمویەتی : (( نعمت الدار الدنيا كانت للمؤمن ، وذلك لأنه عمل قليلا واخذ منها زاده إلى الجنة ، وبئست الدار الدنيا كانت للكافر والمنافق ، وذلك لأنه أضاع منها لياليه وأخذ منها زاده إلى النار )) ، واتە : چاکترین ماڵی دونیا بۆ باوەڕدار بوو ، چونکە کردەوەی کەمی ئەنجام دا و ئەو توێشووەی کە تیایدا پێشت خستوە بەرەو بەهەشت بردوی ، وە خراپترین ماڵی دونیا بۆ بێباوەڕ و مونافیقەکان بوو ، چونکە کاتەکانی تیای لەدەستدا داو ئەوەی کردبووی لە دونیادا بردی بەرەو ئاگر .

بەڕاستی موسوڵمانان دەبێت کاتەکانی سەرف بکات لە :

١ . یادی خوای گەورە و کردەوەی باش .

٢ . فێربون ووەرگرتن وبەدواداچونی زانست وزانیاری بەسود .

٣ . بەجەماعەت کردنی نوێژەکان و چارەسەرکردنی گرفتی موسوڵمانان .... و چەندانی تریش .

بەڵام لەبەرامبەردا دەبێ موسوڵمانان ئاگاداری مەترسی بە فیرۆدانی کات بن لە :

١ . زۆر قسەکردن .

٢ . تەماشاکردنی تەلەفزیۆن و شتی حەرام .

٣ . تێکەڵاو بوون لەگەڵ کەسانی زیان بەخش .

٤ . نووستنی زیاد لە پێویست . وچەندانی تریش. بە هیوای ئەوەی کە ئەم بابەتە سوود بەخش بێت بۆ من وبۆ ئێوەی بەڕێز .

***سەرچاوەی وەرگرتنی ووتەکانی حەسەنی بەسری :*** ( گرنگی کات لای ئەهلی سوننە و جەماعەت ) ە .

**بارزان محمد حسن : ز . صلاح الدين . ك . پ . کۆمپیوتەر**

---

[1] تێبینی : مەبەستمان لەم ووتەدا ئەو فەرموودەیە نیە کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێردرێتەوە کە گوایا فەرمویەتی : " ليس يتحسر أهل الجنة على شيء إلا على ساعة مرت بهم ولم يذكروا الله عز وجل فيها " ، واتە : لە ڕۆژی قیامەت دا ئەهلی بەهەشت ئاخ و داخ بۆ هیچ شتێك هەڵناکێشن جگە بۆ کاتێك نەبێت کە تێپەڕیووە بەسەریاندا و زیکری خوایان تیادا نەکردوە ، چونکە ئەم فەرموودەیە ( ضعيف ) ە ، پێشەوا ( الألباني ) دوای هێنانی بە ( صحيح ) ی لە : ( صحيح الجامع : ٥٤٤٦ ) لێی پەشیمان بووەتەوە و لە ( الضعيفة : ٤٩٨٦ ) هو ( ضعيف الترغيب : ٩١٠ ) هێناویەتیەوە .

# حوکمی نوێژی موسافیر

( بەشی دووەم )

**الحمد لله رب العالمين ، والصلاة والسلام على محمد وعلى آله أجمعين ، أما بعد :**

پاش ئەوەی کە زانیمان موسافیر واجبە نوێژەکانی کورت بکاتەوە . واتە : نوێژە چواریەکان بکات بە دوو . لە ڕوانگەی چەند فەرموودە و ئایەتێك دەکرێت بشزانین ئەو ماوەیە چەندە کە کورتکردنەوە ( قصر ) ی تێیدا دەست پێ دەکات ، واتە : ماوەی دوورکەوتنەوەی لە شوێنی نیشتەجێبوونی .

* دووری کورت کردنەوە ( مسافة القصر ) : خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَإِذَا ضَرَبْتُمْ فِي الأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَقْصُرُواْ مِنَ الصَّلاَةِ ﴾ ( النساء : ١٠١ ) واتە : هەر کاتێك سەفەرتان کرد و گەڕان بە زەویدا هیچ گوناهێکتان لەسەر نیە نوێژەکانتان کورت بکەنەوە ، گەڕانیش بە زەویدا هەموو گەڕانێك دەگرێتەوە ، کاتێك لەو ئایەتە بەهیچ شێوەیەك دووری دیاری نەکردووە ، باسی سەفەری بەوە کردووە کە لە زمانەوانی و شەرعدا هاتووە (١) .

( شيخ الإسلام ابن تيمية - رحمه الله - ) دەفەرموێت : (( هەموو ناوێك کە پێناسەی نەبێت نە لە زمانەوانی نە لە شەرعدا ، بۆیە گەڕانەوە بۆ عورفە ، گەر سەفەر بوو لە عورفی خەڵکی ، ئەوا ئەو سەفەرەیە کە دانەری شەرع دایناوە کە . الله . یە )) (٢) .

بزانە . ڕەحمەتی خوات لێ بێت . کە زانایان جیاوازییەکی زۆریان هەیە لە دیاریکردنی ئەو دوورییەی کە نوێژی تێدا کورت دەکرێتەوە کە دەکاتە بیست ڕای جیاواز ، بە پشتیوانی خوا باسی نزیکترینیان دەکەین کە سوننەتە و ڕاستە ، و لەگەڵ ئاسانکاری ئیسلام بگونجێت ، چونکە پابەندکردنی موسڵمان بە کورت کردنەوە لە سەفەر بە ڕۆژێك یان سێ ڕۆژ یان جگە لەوانەش ، وا پێویست دەکات کە دووری ڕێگاکەش بزانن کە دەیبڕن ، ئەمەش زۆر کەس ناتوانێت ، بەتایبەت ئەگەر پێش وەخت ئەو ڕێگایەشی نەبڕیبێت .

بۆیە موسافیر دەست دەکات بە کورت کردنەوە و کۆکردنەوە ( القصر والجمع ) پاش جێهێشتنی سنوری پارێزگاکە یان شارەکە یان گوندەکەی ، واتە : ئەو شوێنەی کە کردوویەتی بە نیشتیمانی خۆی ، سەفەری لێوە دەکات هەر بۆ ئەوێش دەگەڕێتەوە .

وە پێغەمبەر ﷺ ئەگەر لە مەدینە دەربچوایە بۆ مەککە یان شوێنەکانی تری دەوڵەتی ئیسلامی نوێژی کورت دەکردەوە . بەڵگەش لەسەر ئەوە :

" عن أنس رضي الله عنه قال : صليت مع رسول الله ﷺ الظهر بالمدينة أربعا وصليت معه العصر بذي الحليفة ركعتين " (٣) ، واتە : نوێژم لەگەڵ پێغەمبەری خوادا کرد ﷺ لە مەدینە بە چوار ڕکات ، وە نوێژی عەسرم لەگەڵی کرد لە ( ذي الحليفة ) * بە دوو ڕکات .

( ابن عمر رضي الله عنه ) دەفەرموێت : " إذا خرجتُ ميلا قصرتُ الصلاة " ( إسناده صحيح ) . واتە : ئەگەر بە دووری میلێك دەربچم نوێژ کورت دەکەمەوە ( میلێکیش : ١٦٥٠ مەترە ) . بە بێگومانیش چاکترین خەڵکانێك و شارەزا ترینیش لە سوننەتی رسول الله ﷺ هاوەڵانی خۆی بووە .

کۆتایی ئەم بابەتەش وتەیەکی پێشەوا ( ابن القيم ) دەبێت بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەوەی کە باسمانکرد ، کە دەفەرموێت : (( پێغەمبەر ﷺ دوورییەکی دیاری کراوی بۆ ئوممەتەکەی دیاری نەکردووە بۆ کورتکردنەوە و ڕۆژوو شکاندن ، بەڵکو دیاری نەکردووە لە سەفەر و گەڕان بە زەویدا ( ئازادی کردوون ) ، ئەوەشی لێی دەگێڕنەوە ڕاست نین بە هیچ شێوەیەك ، والله أعلم (٤) . وە کورت کردنەوە و کۆکردنەوە مەزهەبی زۆرینەی سەلەفە (٥) .

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

**کاروان حەمە باقی . عەرەبی . کلار**

---

(١) النور الباهر في أحكام صلاة المسافر : ص٤٣ .

(٢) أربع مسائل في صلاة المسافر : ص٣٨ .

(٣) البخاري ( ٢ / ٥٦٩ ، ٣ / ٤٠٧ ) ومسلم رقم ( ٦٩٠ ) وأبو داود والترمذي وغيرهم .

* ذو الحليفة : گوندێکە ( ٣ ) میل یان زیاتر لە مەدینەوە دوورە .

(٤) زاد المعاد : ١/ ٣٨١ .

(٥) سبل السلام : ٣/ ١١٢ .

## هەڵەی هەندێ لە نوێژ خوێنان

الحمد لله والصَّلاة والسَّلام على رسول الله ، أما بعد :

فێرخوازانی بڕوادار : بە پێویستم زانی کە باس لە کۆمەڵێك لە گرینگترین هەڵەی هەندێك لە نوێژخوێنان بخەمە ڕوو ، بۆ زیاتر شارەزا بونمان لەو عیبادەتە ، و خۆ پاراستنمان لەو هەڵانە - بە پشتیوانی خوا - داوا لەخوا دەکەم کە بمانگێڕێت لەو کەسانەی کە پارێزگاری دەکەن لە نوێژەکانیان وە پلەو پایەیان بە هۆی نوێژەوە لای خوا بەرزە ، خوای پەروەردگار دەفەرموێ : ﴿ وَالَّذِينَ هُمْ عَلَى صَلَوَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ أُوْلَئِكَ هُمُ الْوَارِثُونَ الَّذِينَ يَرِثُونَ الْفِرْدَوْسَ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴾ ( المؤمنون : ٩ — ١١ ) ، واتە : ئەوانەی کە بەردەوامن لەسەر نوێژەکانیان هەر ئەوانەن میرات گران ئەوانەی دەبنە خاوەن فیردەوس ( بەهەشت ) ، ئەوان لە بەهەشت دا دەمێننەوە بە هەتا هەتای .

**هەندێ لەو هەڵانە :**

نیەت هێنان بە دەم و دەنگی بەرز ، بەڵکو پێویستە لە دڵت دابێ و بەزمان دەر نەبڕدرێت ، چونکە بیدعەیە !

نوێژکردنی بەکۆمەڵ لەنێوان پایەکانی مزگەوتدا ، چونکە ڕیزەکان دەبڕێت . ئەگینا بە تەنها دروستە کە لەبەر سوترە بچیتە ئەوێ .

نەبونی خشوع لەنوێژدا ، چونکە یەکێکە لە واجبات .

نوێژکردن بەبێ بەربەست ( سترة ) .

نوێژکردن بەپۆشاکی پیسەوە .

چونە دەرەوە لەمزگەوت لەکاتی بانگدا .

دەنگ بەرزکردنەوەی نوێژخوێنان لەکاتی ( دابەستنی نوێژ ، و قورئان خوێندن ، و دوعا کردن دا ) .

سوجدە بردنی نوێژخوێن ( سوجدەی سەهوو ) ، دوای سەلام دانەوەی ئیمام .

نوێژکردن بە پۆشاکێك کە وێنەی گیانلەبەر و مرۆڤ یان خاچ و ناوی بتەکانی پێوەیە .

زیاد جوڵە جوڵ کردن و ئاوڕدانەوە و گاڵتە کردن لەنوێژدا .

نوێژی سوننەت لەکاتی قامەت کردن دا .

زیادکرنی ووشەی ( سيِّدنا ) ، لە خوێندنی تەحیاتدا .

نوێژکردن بەدانیشتنەوە ، لەکاتێکدا توانای ڕاوەستانی هەبێت .

وتنی : ( سبحان من لا يسهو ولا ينام ) لەسوجدەی سەهودا .

تایبەتکردنی شوێنێك لە مزگەوتدا و نەکردنی نوێژ تەنها لەو شوێنە دا نەبێت .

دانیشتن پێش کردنی دووڕکات ( تحية المسجد ) واتە : سلاَوی مزگەوت ، کاتێك دەچیتە ناو مزگەوتەوە .

پەنجە خستنە ناو یەك ، واتە : لێك ئالآندنی هەردوو دەست ( تشبك الأصابع ) .

دەست بەردانەوە و دانەنانیان لەسەر سنگ لەکاتی ڕاوەستان لە نوێژدا و خوێندنی فاتحە .

پیشکەوتنەوەی نوێژخوێنان لە پێشنوێژ لەکاتی ووتنی : ( آمين ) ، دوای ( الفاتحة ) کە ڕاست وایە لەگەڵ ئیمام بوترێ .

دروست کردنی ڕیزێکی تازە ، پێش تەواو کردنی ڕیزی پێش خۆی .

پەلەکردن لەڕۆیشتن و ڕاکردن بۆ گەیشتن بە ڕکاتی نوێژ .

نەگەڕان بەدوای قیبلەدا و ڕو وەرگێڕان لە قیبلە .

ڕێك ڕانەوەستان لەڕیزداو دروست کردنی کەلێن ( بۆشای ) لەنێوان نوێژ خوێناندا .

پێشکەوتنەوەی نوێژخوێنان لەگەڵ ئیمام ، وەیان یەکسان بونیان لەگەڵ ئیمام لەکاتی سوجدە و ڕکوع .

وازهێنان لەدەست بەرزکردنەوە لەکاتی دابەستنی نوێژ و ڕکوع و هەستانەوە لە ڕکوع .

سەربەرز کردنەوە بەرەو ئاسمان و تەماشاکردنی دەوروبەر ، بێجگە لەشوێنی سوجدە .

نوێژکردن بەپۆشاکی تەنك و تەسك کە ڕەنگ و قەبارەی لاشە دەربخات .

نوێژکردن بەپۆشاکی تەسك و درێژ بۆ پیاوان ، و پۆشاکی کورت و تەسك ( وەك پانتۆڵ و استریج ) و تەنك بۆ ئافرەتان !!

وتنی : ( أقامها الله وأدامها ) لەکاتێك کەبانگ بێژ ( قد قامت الصلاة ) ی قامەت دەکات بۆنوێژ .

زیادکردنی وشەی ( الشكر ) ، لەدوای هەستانەوە لەڕکوع ( سمع الله لمن حمده ، ربَّنا ولك الحمد ... ) .

وتنی : ( بلى وأنا على ذلك من الشَّاهدين والشَّاكرين ) ، لە

لایەن نوێژ خوێنەوە ، کاتێك کە سوڕەتی ( التِّين ) ، خوێندرا لەنوێژدا .

داواکارم لە خوای پەروەردگار نوێژ و عیبادەتەکانمان لێ وەربگرێت .

وَآخر دَعوانا أَن الحَمدُ لله ربِّ العالَمِين

و . بەدەسکارییەوە: ئاسۆ صدیق . ز . قەلادزێ . عەرەبی

## خۆت بپارێزە لە (( زینـــای چـــاو !!! ))

الحمد لله ، والصلاة والسلام على رسول الله ، أما بعد :

خوشك وبرای ڕێزداری موسڵمان : بزانە کە لە ژیانی دونیادا ناتوانین ، بەسەر شەیتان و سەربازەکانیدا زاڵ بین تەنها بەکۆمەڵ و یارمەتی خوای میهرەبان نەبێت ، بۆیە پێویستە پێش هەموو شت داوا لە خوای گەورە بکەین کە پارێزراومان بکات لەفرو فێڵەکانی شەیتان و وەسوەسە خراپەکانی و ڕازاوەیی تاوان جا لە هەر پۆشاك و بەرگێکدا بێت ، بۆیە نەگرتن و نەپاراستنی چاو لەتەماشاکردنی حەرام لە گەورەترین هۆیەکانی نزیك بوونەوەیە لەشەیتان ، بەڵام بەپێچەوانەوە گرتن و پاراستنی ( چاو ) لەشتە حەرامەکان ، پێش شکێنەر و ترسێنەری شەیتانە و هەموو ئامانج و ئاواتەکانی دەربڕین و ڕیسوا و سەر شۆری دونیاو دوا ڕۆژی دەکات بۆیە ئیمامی ( ابن القیم ) . ڕەحمەتی خوای لێبێت ـ لەکتێبی ( الجـواب الكـافي ) دا دەفەرموێت : (( پۆشینی چاو و پاراستنی بەرەو چاکە و بەختەوەری دەتبات ، بەڵام تێروانین و بەرەڵاکردنی و تەماشاکردنی حەرام ، دڵ بەرەو وێران بوون دەبات و وا لە مرۆڤ دەکات هەمیشە لەبیرکردنەوە بێت ، وە هۆکاری خراپ لەسەر لا شەو دەروون بەجێ دەهێنێت )) .

لەوانەیە بەمێشکدا بێت باشە بۆچی زینای چاو ؟ ئەی یانی چی ؟ ئایا چاویش زینا دەکات ؟ چۆن ؟ لێرە دا دەڵێن : بەڵێ زینای چاو ، چونکە ئەوە بزانە کە خوای گەورە ڕەحم بەمن و تۆیش بکات ئەو بەڵا و نەهامەتیانەی کەسانێکی زۆری گرتۆتەوە و ڕۆژانە سەرقاڵن بە زیناکردنەوە . پەنا بەخوا . مەبەست پێی : ( زینای بچوك ) ە ـ تەنها بەهۆی تێروانینی حەرامەوەیە وەك کوردەواری پێشینمان فەرموویانە : (( هەر دەوەنە دەبێت بەدار )) .

بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَلاَ تَقْرَبُواْ الزِّنَى إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاء سَبِيلاً ﴾ ( الاسـراء : ٣٢ ) ، واتە : نزیکی زینا مەکەونەوە ، چونکە بەڕاستی ڕەوشتێکی بەدو ناشیرین و ڕێگە یەکی خراپە .

هاوەڵی خوشەویست ( أبـو هـريرة ) دەفەرموێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " كتب على ابن آدم نصيبه من الزنا مدرك ذلك لا محالة ، فالعينان زناهما النظر والأذنان زناهما الاستماع ، واللسان زناه الكلام واليد زناها البطش والرجل زناها الخطى ، والقلب يهوى ويتمنى ويصدق ذلك الفرج ويكذبه " ( راوه البخاري : ٦٢٤٣ ، ومسلم : ٦٦٩٥ ) ، واتە هەموو مرۆڤێك بەشی خۆی هەیە لەزیناو توشی دەبێت وپێی دەگات و هیچ دەربازبونێك نییە لێی مەبەستی بە ( زینای چاو ) کە زینای چاو : بریتی یە لەتێروانینی حەرام ، زینای گوێ : بریتی یە لەگوێ گرتن لەشتی حەرام و پڕ و پووچ ، وە زینای زمانیش : بریتی یە لەقسەکردنی خراپ ، وە زینای دەستیش بریتی یە لەبەکارهێنانی دەست لە زۆرداری و زەبر و زەنگ ، وە زینای پێ یەکانیش بریتی یە لەهەنگاونان بەرە و کاری خراپەو بەدڕەوشتی ، بۆیە دڵیش ئارەزووی دەکات و ئاواتی پێ دەخوازێت وە عەورەتیش ڕاستی ئەو کارە دەردەخات یان بەدرۆی دەخاتەوە .

( الحافظ ابن الحجر ) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت : ( ابن البطال ) فەرموویەتی : (( بۆ تێروانین و ووتەی خراپ بەزینا دانراوە ، چونکە بانگەشە دەکات بۆ زینای ڕاستەقینە ( کۆبونەوەی حەرام کراوە بەعەورەت ) هەر لەبەر ئەمەش پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : " والفرج يصدق ذالك أو يكذبه " ( بڕوانە : فتح الباري شرح صحيح البخاري : ١١ / ٢٢ ) .

ئایا ئەزانی کە بەرهەمی تەماشاکردنی حەرام ( نظر ) تووشبوونە بە نەخۆشی دەروونی و خیانەت و ناپاکی و دەست درێژی کردنیشە بۆ سەر ئابڕوو ناموس و هەستی موسڵمان یان غەیری موسڵمان ، کەواتە مادام هەموو سەرەتا و تاوانەکانی بەهۆی چاوەوەیە و ئەندامی تر بەکەم باسکراوە ، دەتۆیش بیپارێزە ، تا وەکو خوای گەورە بتپارێزێت ... وصلى الله على نبينا محمد ، وعلى آله و صحبه أجمعين .

ئاسۆ محمود حسن. ز. سلێمانی. ئابووری

## ئەدەب لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ

**موسڵمان بە ئەدەب دەبێت لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك :**

١. موسڵمان گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ دەکات و شوێنی پرۆگرامەکەی دەکەوێت وشوێن پێ کانی هەڵدەگرێت لە هەموو نموونەو ڕەفتارەکانی دونیاو دین .

٢. هیچ دروستکراوێك نابێت لە پێغەمبەر ﷺ زیاتر خۆشویستراوتربێت لای یان ڕێز لێ گیراوتر بێت یان بە گەورە دانراوتربێت .

٣. موسڵمان دەبێت لایەنگیری ئەوانە بێت کە پێغەمبەر ﷺ پشتگیریان بووە و دوژمنایەتی ئەوانە بکات کە پێغەمبەر ﷺ دوژمنأیەتی کردوون ، ڕازی بێت بەوەی کە ئەو ﷺ پێی ڕازی بووە رقی لەوە بێت کە ئەو ڕقی بەرامبەر دەربڕیوە .

٤. موسڵمان ڕێزی بەرز و گەورەیی پیشان دەدات کاتێك ناوی پێغەمبەر ﷺ باس دەکرێت و ڕێزی دەگرێت .

٥. موسڵمان باوەڕ بە هەموو ئەو شتانە دەکات کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی لەبارەی ژیان و ئاین و ئەو شتانەی کە لەژیاندا نادیارە وهەروەها هی قیامەتیش .

٦. موسڵمان سوننەتەکانی زیندوو دەکاتەوە و شەریعەتەکەی ڕوون دەکاتەوە بانگەوازەکەی دەگەیەنێت و وەسیەتەکانی جێ بە جێ دەکات .

## Ethics with the messenger of Allah (P. B. U. H)

The Muslim is polite with the Messenger of Allah (P. B. U. H) when:

1. The Muslim obeys Him, follows His track, and pursues His pattern in all his life and religion affairs.

2. No creature is loved, respected and glorified more than Him.

3. the Muslim supports whom the messenger advocated, incurs the hostility of those towards whom the Messenger showed enmity, is satisfied with what the Messenger was content with and angry with those irritated by the Messenger.

4. The Muslim shows high respect and regard when the name of the messenger (P. B. U. H) is mentioned.

5. The Muslim believes in all what He said about life, religion, and the invisible in the life and hereafter.

6. The Muslim revives his Sunnah, brings His law into the light, declares His mission and puts His recommendations into effect.

م . رزگار محمد . دەرچوی E صلاح الدين .

**پێشەوا ( ابن باز ) ـ بەڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی :**

(( هذا العصر عصر الرفق والصبر والحكمة ، وليس عصر الشدة .

الناس أكثرهم في جهل ، في غفلة ، وإيثار للدنيا ، فلا بد من الصبر ، و لا بد من الرفق ؛ حتى تصل الدعوة ، وحتى يبلغ الناس ، و حتى يعلموا ... ونسأل الله للجميع الهداية )) ( مجموع فتاوى ابن باز : ج ٨ ، ص ٣٧٦ ، و ج ١٠ ، ص ٩١ ) .

**واتە : ئەم سەردەمە سەردەمی نەرم و نیانی وئارامگرتن و داناییە ، نەك سەردەمی توند و تیژی .**

**زۆرینەی خەڵکی لە نەزانیدا دەژین ، و لە بێ ئاگایی ، و دونیا پێش خستندان ، بۆیە پێویست بە ئارامگرتن دەکات ، پێویست بە نەرم و نیانی دەکات ، بۆ ئەوەی بانگەوازەکە بگات ، بگات بە خەڵکەکە ، و فێربن ... داواکارین لە خوای پەروەردگار ڕێنیشاندەری هەموان بێت .**